دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨٣،یەکشەممە، ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

* وەڵامی ناوەندی سەرکۆماریی فەڕانسە بۆ پەیامی هاودەردیی مستەفا هیجری ٢

* پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان ٢

* ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی ڕۆژئاوا ٢




٢٥ی گەلاوێژ، مزگێنیدەری سەرکەوتن ٤



ئابووری و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگە ٦




ئاسمیلاسیۆنیش لە کورتی دەدات ٨



سیاسەتی کۆمارییەکان لە ئێستادا، درێژەی سیاسەتەکانی سەرۆک... ١٠

# حەسەکە بووە ئامانجی پەلاماری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران



شاری حەسەکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا هەنووکەش ئامانجی بۆردومانی چڕی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی ئەسەد و باقی بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی ئێرانە.

لێپرسراوانی سەربازی و ئەمنیەتیی کوردستانی ڕۆژئاوا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام باسیان لە بەشداریی بەرفراوانی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوەکانی گرووپی تێرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان، لە هێرش بۆ سەر شاری حەسەکە کردووە.

لەم پێوەندییەدا ئاسیە عەبدوڵڵا، هاوسەرۆکی حیزبی یەکیەتیی دێموکراتیک، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیۆ فەردا وتویەتی: «حکوومەتی ئێران پاڵپشتی لە بەشار ئەسەد دەکات. لە هەر شوێنێکدا کە ڕێژیمی ئەسەد گوشاری بۆبێت، کۆماری ئیسلامی بە هانایەوە دێت. کۆماری ئیسلامی هێزێکی بەناوی «دفاع الوطنی» ڕێکخستووە. هەنووکە ئەم هێزە لە شارگەلێکی وەک حەسەکە و قامیشلوو، هەوڵی سازکردنی تێکهەڵچوون و نائارامی دەدات.»

هاوسەرۆکی حیزبی یەکیەتیی دێموکراتیک، لە درێژەی قسەکانیدا جەختی کردووە کە؛ بەبێ یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە هاوپەیمانەکانی، چەکدارەکانی بەشار ئەسەد ناتوانن دژی کوردەکان بجووڵێنەوە.

ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: «هەنووکە ڕێژیمی سووریە لە دژی کوردەکان هەنگاو دەنێت و فڕۆکە شەڕکەرەکانی، بنکە و بارەگای کوردەکان و خەڵکی سڤیل دەکەنە ئامانج. ئەمجۆرە کارانەش بە پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی تورکیە و کۆماری ئیسلامی دێنە ئاراوە.»

بەهۆی تێکهەڵچوونەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووەوە، هەزاران کەس لە دانیشتوانی شاری حەسەکە ئاوارە بوون و شوێنی حەوانەی خۆیان بەجێهێشتووە.

لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سووریە ڕایگەیاند؛ لە ماوەی ٢ ڕۆژی ڕابردوودا، بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەربازییەکانی ئامریکا ڕەوانەی یەکێک لە بنکە سەربازییەکانی ئەم وڵاتە، لە باکووری ڕۆژئاوای حەسەکە کراون.

هەواڵدەریی فەڕانسەش لە ڕاپۆرتێکدا، ئاماژەی بەوە داوە کە؛ پاش هێرشی فڕۆکەکانی سووریە بۆ سەر شاری حەسەکە، ئامریکا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژ/١٩ی ئوت، فڕۆکە شەڕکەرەکانی خۆی ڕەوانەی ئەم ناوچە کردووە.

وەزارەتی بەرگریی ئامریکا ڕایگەیاندووە کە؛ شەڕکەرە ئێف ٢٢کانی ئەم وڵاتە، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سووریە، ڕەوانەی ئەم ناوچە کراون. ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنە، پشتیوانی لە کوردەکانی نیشتەجێی حەسەکە، لە بەرانبەر هێرشە هەواییەکانی ئەسەد و هاوپەیمانەکانیەتی.

بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا کە ناوی بڵاو نەکراوەتەوە، بە هەواڵدەریی فەڕانسەی گوتووە کە؛ ڕۆژی هەینی لە کاتی جەولەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئامریکا لە کوردستانی ڕۆژئاوا، ٢ فڕۆکەی شەڕکەری «سۆخۆی ٢٤»ی سووریە، کە تەمای بەزاندنی سنوورەکانی ئەم ناوچەیان بووە، پاش دیتنی فڕۆکەکانی ئامریکا ئەو ناوچەیان بەجێهێشتووە.

هاوکات «جێف دەیڤیز» وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا هۆشداری داوەتە هێزەکانی سووری، کە نابێ بەهیچ شێوەیەک هێرش بکەنە سەر ئەو شوێنانەی سووریە کە هێزەکانی هاوپەیمانانی تێدایە.

ئەمە یەکەمجارە کە هێزەکانی ئامریکا بەشێوەی ڕاستەوخۆ، لەبەرانبەر هێزە سەربازییەکانی سووریەدا دەوەستنەوە.

# هێزی پێشمەرگە داواکاریی حەیدەر ئەلعبادی ڕەت کردەوە

هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان داواکاریی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عێراق، حەیدەر ئەلعبادی بۆ ڕاگرتن و پێشڕەوی نەکردن لە پارێزگای مووسڵ ڕەت کردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، سەرۆک وەزیرانی عێراق، حەیدەر ئەلعبادی، داوای لە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کرد کە لە شاری موسڵ پێشڕەوی نەکەن بەڵام ئەو داواکارییەی ناوبراو لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕەت کراوەتەوە.

هێزی پێشمەرگە لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا لە چەند ئۆپراسیۆنێکدا سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەست هێناوە و ئەوەش نیگەرانیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقی لێکەوتووەتەوە کە پێشمەرگە هەموو شاری موسڵ کۆنتڕۆڵ بکات.

هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ئامریکا توانیان لە شاری موسڵ پێشڕەوی بکەن و چەندین گوندی ئەو شارە کۆنترۆڵ بکەنەوە و هەنووکە هێزی پێشمەرگە لە ٣٠ تا ٤٠ کیلۆمیتریی باشووری موسڵ جێگیر بووە و خۆی بۆ ئۆپراسیۆنی دیکە ئامادە دەکات.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو داواکارییەی حەیدەر ئەلعبادی ڕایگەیاندووە کە ئێمە لە هەڵوێستەکانی خۆمان پاشگەز نابینەوە.

وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کاتێک داعش دوو ساڵ پێش ئێستا هێرشی کردە سەر شاری موسڵ ئەرتەشی عێراق ئەو ناوچەی بەجێهێشت و هەڵات و دواتر هێزی پێشمەرگە چووە ئەو ناوچەیە کە ئەوەش کارێکی سووک و ئاسان نەبوو.

هەروەها وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕوونکردنەوەیەکدا، وڵامی داواکاریی مارک تۆنەر، جێگری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دایەوە و ڕەتی کردەوە پێشمەرگە بچێتە ژێر فەرمانی سپای عێراق.

لەو ڕوونکردنەوەیەدا، وەزارەتی پێشمەرگە ڕەخنە لە حکوومەتی عێراق دەگرێت، کە بە هیچ شێوەیەک لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی چەک و پێداویستی سەربازی، یارمەتی پێشمەرگەی نەداوە و ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی بەجێ نەهێناوە.

بەگوێرەی یاساکانی عێراق پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی عێراق، هەرچەندە حکومەتی عێراق لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی چەک و پێداویستی سەربازی، یارمەتی پێشمەرگەی نەداوە و بەرپرسیاریەتی هەڵنەگرتووە.

لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان هێزی پێشمەرگە بەرەنگاری ئەو گرووپە تێرۆریستییە بووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی لە بەرەکانی شەڕدا شەهید بوون.

## پەیڤ

### ڕەخنە یان تۆمەت؟

کەریم پەرویزی

لە کۆمەڵگای مرۆییدا، هەر کردەوە و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ، دەتوانێ جێگای پرسیار و لێوردبوونەوە و ڕەخنەی مرۆڤەکانی دیکە بێ. لە ڕاستیدا بەو پێیەی کە هەر وتە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەتوانێ نیشاندانی ڕێگایەک بێ بۆ مرۆڤەکانی دیکە، کە چاوی لێ بکەن و پێڕەوی بکەن، دەتوانێ لە سەر ژیان و بیرکردنەوەی ئەوان کاریگەری دابنێ، بۆیە مافی مرۆڤەکانی دیکەیە کە پرسیار لەو هەڵسوکەوتە یان وتەیە بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن.

ئەم باسە کە دێتە نێو کۆمەڵگا و لە ئاستێکی گەورەتردا کردەوە و سیاسەت و لێدوانەکانی گرووپ و حیزبەکان، ڕۆڵی زیاتریان لە ژیانی تاکەکان هەیە و هەر بەو پێیەش مافی تاک و گرووپ و حیزبەکانی دیکەیە کە ڕەخنە لەو سیاسەت و کردەوانەی حیزبەکانیتر بگرن.

بەم پێیە ڕاسانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە لە گوتار و دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا جێگەیەکی تایبەت و دیاری هەیە، و سیاسەتی ئەم حیزبە ئەوەیە کە هەموو گرووپ و حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو دیاردە نوێیە کە خۆی بە ناوی «ڕاسان» پێناسە دەکا، جێگەیان ببێتەوە و دەوری تێدا بگێڕن. هەر بۆیەی مافی هەموو تاکەکانی کوردستان و هەموو گرووپەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت هەموو تاک و گرووپەکانی ئێران و هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستانیشە کە پرسیاریان لە گوتاری «ڕاسان» هەبێ، و ڕەخنە لە سیاسەت و کردەوەکانی حیزبی دێموکرات بگرن. چوونکە ئەم سیاسەت و کردەوەیە، ئەوەندە کاریگەریی لە سەر ژیان و سیاسەت لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە و تا ئەو ئاستە جێگای دیارە، کە ڕێژیمی تاران دوای چەندین دەیە چەواشەکاری، لە ژێر ناوی سەربەخۆبوون لە پۆلێنبەندییە جیهانییەکان، ئێستا بە ڕاشکاوی بۆتە کۆلۆنی و موستەعمەرەیەکی مۆسکۆ و پایەگای نیزامی دەدا بە ڕووسیە، لە هەمەدانی تەنیشت کوردستاندا.

بە ڕادەی کاریگەریی سیاسەتێک لەسەر تاکەکان و گرووپەکان و گشتیەتی کۆمەڵگا، ئەوانیش مافی پرسیار و ڕەخنەیان هەیە، بەڵام ئەو مافە هیچ کات نابێ بەو شێوازە لێک بدرێتەوە کە هەر گرووپ و تاکێک لەگەڵ سیاستێکدا ناتەبا بوو، یان لە سیاستێک تێنەگەیشت و

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە مەراسمی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی ‹›محەممەدنەزیف قادری››، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٠ساڵەی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژی١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی «محەممەدنەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێریان کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن «کاکەمین نەجاڕ»، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتییەوە پێشوازییان لێ کرا. بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان، «محەممەدنەزیف قادری» پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی پێشکەش کردن و هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی بۆ خواستن.

هەروەها کاکەمین نەجاڕ و باقی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، کە بەشداری یادەکە بوون، وێڕای سپاس و پێزانین لە هەیئەتی حیزبی دێموکرات، جەختیان لە سەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانی هەر دوو لایەن کردەوە. هەروها کاکەمین نەجاڕ و ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، هاوکات پیرۆزبایی یادی ٧١ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە هەیئەتی حیزبی دێموکرات کرد.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی ڕۆژئاوا

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە حاڵێکدا کە وەزعی سووریە ڕۆژبەڕۆژ هەستیارتر دەبێ، و پێویستیی یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا پتر خۆی دەردەخا، بەداخەوە شاهێدی چەند ڕووداو و کردەوەی نەشیاوی، گرتن و ڕاونان و ئازاردانی ئەندامانی سەرکردایەتی چەند هێزی کوردی لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردستانی ڕۆژئاوا و لە چەند شاری ئەم بەشەی کوردستان بووین.

ئەو جۆرە کردەوانە دەرحەق بە پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی کورد، نەک یارمەتی بە یەکگرتوویی کورد لە پێناو دەستەبەربوونی مافەکانیان نادا، بەڵکوو کێشەکانی ناوماڵی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا قووڵتر دەکاتەوە و زیان بە بەرژەوەندیی کورد لەو بەشەی کوردستان دەگەیەنێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە هەمیشە پاڵپشتی خوشک و برا کوردەکانی لە کوردستانی ڕۆژئاوا و پشتیوانی دابینبوونی مافەکانیان بووە و هەیە، ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی هێزەکانی ئاسایشی ڕۆژئاوا بە ناڕەوا دەزانێت.

هەر لەو پێوەندییەدا، داوای برایانەمان ئەوەیە، هەموو هێز و لایەنەکانی کورد لە سووریە، خۆیان لە هەر کردەوەیەک دژ بە یەکگرتوویی کورد ببوێرن، و ڕەوتێک لە تەبایی و یەکدەنگی بگرنە بەر، کە لە بەرژەوەندیی دۆزی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوادا بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی
ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی
هەتاوی
١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی

## ٢٥ی گەلاوێژ لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتەوە پیرۆز ڕاگیرا

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧١ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغییان لە شار و گوندەکانی کوردستان بەڕێوە برد.

**ورمێ:**

دڵسۆزانی دێموکرات لە گوندی گردوان، سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ و دزەی مەرگەوەر و شاخی «بۆزی سینا»، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها لە نێو شاری ورمێ لە گەڕەکەکانی ئیسلام ئاباد، کوشتارگا، گوندی بادەکی، هەشتی شەهریوەر، تەرزیلوو، شەهرەکی دانیشگا، شەهرەکی وەلیعەسر، خیابانی سەتارخان، خیابانی جنووبی و شومالی و فەلەکەی ئابیاری، چالاکی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

**سەردەشت:**

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری سەردەشت، لە «جادەی مەلا شێخ، هاورسەمان و گەڕەکی شێوە برایم» چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە و بە بڵاو کردنەوەی وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ ئەو ڕۆژە نەتەوەییەیان بەرز ڕاگرت.

**تاران:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە «بورجی میلاد» ی شاری تاران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی ئەو ڕۆژە مێژووییەیان بەرز ڕاگرت.

**سنە:**

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنەی سەربەرز، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی لەو شوێنانە، یادی ٢٥ی گەلاوێژیان بەرز ڕاگرت. شەهرەکی سەعدی-فازی٢، کوی فەرهەنگییان، شەهرەکی زاگرۆس، خیابانی بیمارستان، تەئمین ئیجتماعی، بەردەرگای دانیشگای پەیامی نووری سنە، بلواری کوردستان، کانی دووشەم، ئاغەزەمان، بلواری ٢٨ی دەی، گەڕەکی پیرمەحەممەد، خیابانی سیرووس، گەلەخان، بەردەشت، سپووڕئاوا، خیابانی ١١ میتری، بلواری جانبازان و هەروەها لە شەهرەکی ئاساوڵە و گوندەکانی «تەوریوەر» و «ئارەنان»، لە گوندی مێروا، لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە و هەروەها نایسەر، دەرمانگای تازە، دەرمانگای قەدیم، مزگەوتی ئیمام شافعی، مزگەوتی شێخ ڕەش، چوارڕێیانی حاجی فەیزی، پارکی محەممەدی، حاجی ئاوای خواروو.

**ڕەبەت:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ڕەبەت، بەبونەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو شوێنانەی شاری ڕەبەت چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. ڕەبەتی خوارێ و دەوروبەری پاسگای ئینتزامی، دوروبەری مزگەوتی چواریاری نەبی و مەیدانی فوتباڵ، پادگانی تەباتەبایی، مەدرەسەی »مۆدەڕێس« و دەوروبەری مزگەوتی ئیمام شافعی، مەدرەسەی »ابن سینا«، کەمەربەندی و خیابانی سەرچاوەگۆنەکانی لیلانێ، گوڵە و سیسێر.

**تەنگیسەر:**

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ئاڵای کوردستانیان لە شاخی »پیرەژن« هەڵکردووە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات، ئاگری٢٥ی گەلاوێژیان لە شاخی «هەڵەزنە، پیرەژن، پلێ، هەوراو، پووش، قەڵاگە و دۆڵ»، هەڵکردووە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە نووسینی دروشم باسیان لەوە کردووە کە تۆڵەی شەهیدانی ڕاسان دەکەنەوە.

**سەلاسی باوەجانی:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەلاسی باوەجانی، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە لە چەند ناوچە و کۆڵانێکی شاری تازاوای سەلاسی باوەجانی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە؛ شارەکی ئەنجیربووس، خیابانەکانی تەقوای١٠، تەقوای١٢، تازاوا، ئێحسانی٥ و باهونەر.

**سەقز:**

ئەڤینداارنی ڕێگای دێموکرات لە شاری سەقز، بەبۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغییان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبەرد. ئەو شوێنانەی کاری تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە؛ بلواری تەربیەت - شیوی جووتیاران - تەپەی گۆڕەجولەکە و قەوخ، حەماڵاوای

**سەروو و خواروو**

گوندەکانی پارسانیان، چاپانی خواروو و چاپانی سەروو، و قۆزڵووی سۆفیان و تیکانلوو

**مەریوان:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و درێژەدەرانی ڕێبازی دێموکرات و شەهیدان، لە شاری مەریوان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. ئەو شوێنانەی چالاکییان تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە: بلواری موعەلیم، بەهاران، مەیدانی نەورۆز، سازمانی ئاو، خیابانی جەهاد، میدانی بار.

**مەهاباد:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهەباد، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، لەو شوێنانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد: پشتتەپ، بەری مەدرەسە، باغی شایەگان، مەیدانی ئیستقلال، گەڕەکی خەریە، باغی سیسە، تەپەی قازی، باغی سمایل ئاغا، سنجاناوا، پشتی بازاڕچە، محەوەتەی مەنگوڕان، مەیدانی ئارد، تەنیشت موخابەراتی »بعثت«، پاڕکی میللەت، فەرهەنگیان، ئازادەگان، وروودیی جاددەی ورمێ بۆ نێوشار، شەهرەکی کارمەندان، زەوییەکانی شارەداری، دوڵی کەرویشکە، چوارڕای مەولەوی، شەقامی بیمارستان، ئەسحابە سپی، قەبرستانی شار، شەقامی پەرستار و بەری شیلانان.

**بۆکان:**

لە شاری بۆکان، دێموکرات پەروەران بە بۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، لە کڵوی قوژاغلووی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، ئاگری ٢٥ی گەلاوێژیان هەڵکردووە. ڕێکەوتی ٢٠و ٢١و ٢٢ی گەلاوێژ، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری، تراکت و کورتەنامەی «شار ناوەندی ڕاسانە»، و پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ» و سی دی پەیامی نەورۆزیی کاک مستەفا هیجری و سی دی سروودی شۆڕشگێڕانەیان لە نێو خەڵکدا، بڵاو کردۆتەوە و لە ڕێگەی پۆستیشەوە بۆ ئیدارە دەوڵەتییەکانیان ناردووە.

ئەو شوێنانەی بۆکان کە کاری تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: گەڕەکی فەرهەنگییان و کوی محەممەدی و کۆڵانەکانی بیمارستانی تازە و بەخشەکانی بیمارستانی تازە، گەڕەکی نەساجی و ئاپارتمانەکان و کۆڵانەکانی بنکەی فرماندەیی هێزی ئینتزامی و ئیدارەی ئیتلاعات، کۆڵانەکانی خیابانی سەردار عەزیزخان، مەلەوانگەی داخراوی بۆکان، زۆربەی کۆڵانەکانی میراوای بۆکان و گوندی کەریزە، کتێبخانەی مامۆستا حقیقی و ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش و ساڵونی وەرزشیی ٣ی خورداد، ژوورەکان و ساڵۆنەکانی ورزشگای وەحدت، کە کێبڕکێی تێدا ئەنجام دەدرا، دوکان و بازاری خیابانی کۆن، قەڵای سەردار، حەمامی کۆن، تاج، عەباسی و شارەداریی بۆکان.

هەروەها ئەم چالاکییانە لە گوندەکانی برایم ئاباد، موشیرئاباد، ناچیت، وشتەپە، داشبەند، قەرەکەند، عەزیزکەند، نۆبار، باغچە، کۆسە و کولتەپە بەڕێوەچوون.

هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان لە داشبەند و ناوچەی ئەحمەد کۆڕی ئەو شارە ئاڵای کوردستانیان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ هەڵکردووە ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد.

**نەغەدە:**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری نەغەدە لە شەقامی سوننەت ئاڵای کوردستانیان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ هەڵکرد، و هەروەها لەمەدرەسەی گوندی قەرەقەساب، ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە.

**پاوە:**

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری پاوە، شەوی ٢٥ی گەلاوێژ، لە جاددەی »دەرەنیشە«، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، یاریی ئاگرینیان بەڕێوە بردووە.

**پیرانشار:**

شەوی ٢٢ی گەلاوێژ، ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بەم بۆنە، ڕێزیان لە ٢٥ی گەلاوێژ گرت.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغیی تێدا کراون، بریتین لە؛ گوندەکانی کۆنەلاجان، زێوە، کاسورەدێ، کانی ئەشکەوت، بێکۆس، هەنگەوێ و باستام بەگ، لە ناوچەی پیرانان و بەری نەڵێن.

هەروەها لە نێو شاری پیرانشاریش لە تێرمینالی سەردەشت، تالاری خەیام، فەلەکەی مامۆستا هیمن و فەلەکەی کەشاوەرز، چالاکیی بەرینی تەبلیغی، بەڕێوەچوو. شە قا مە کا نی ٤ ٢میتر ی ، ٣٢میتری،١٦میتری، مەلا ڕەزا، مەنگوڕ، پیران، دوکتور قاسملوو، ساحلی، کاسەکەران، کانیجۆ، کەمەربەندیی کۆنەخانێ و کەمەربەندیی شار و ئیمام جومعە.

هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە قوتابخانەکانی سدوقی، کەوسەری کچانە، سومەیە، حەزرەتی فاتمە، شبانەروزیی محەممەد ڕەسوڵڵا، کارودانش و مامۆستا هەژار، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە درێژەی چالاکیی قارەمانانی دێموکرات لە شاری پیرانشار بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، لە کۆڵانەکانی شەبنەم، کانی، نەسیم، شەبنەمی ١و٢و٣و٤و٥و٦، کەوسەر، لیمۆ، کامیل، قەڵەم، قەدەم و قدو، چالاکی بەڕێوە چوو.

هەروەها لە کەڵانتەریی ١١و١٢ و ئاگاهی و مزگەوتەکانی ئیمام خەلیل، چواریاری نەبی، حاجی شەفیع، جامعەی جدید و قەدیم، مەلا دۆنەخۆر، قودس، حەزرەتی ئیسماعیل و حەزرەتی عایشە، چالاکی بەڕێوە چووە.

ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە ناوچەی شیناوێ لە گوندەکانی: چیانە، کاسورەدێ، زێوە، کۆنەلاجان، گەسگەسکی مەنگوڕ و پیران، بادیناوێ، کانی ئەشکەوت، بێکۆس، کەوپەر، ترکەش، قەبری حوسێن، شیوەمێرە، قوادبەگیان، هەنگەوێ، شەختان، باستام بەگ، شارستێن، نەمنجە، کەڵەکین، بندرێ، هەمزاوای سەرێ و خوارێ، لاوێن، سۆغانلوو زیاتر لە ٤٧٠٠ تراکتیان بڵاو کردۆتەوە.

**شنۆ:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ، لە گوندی ئاڵیاوێ، بە بونەی ٢٥ی گەلاوێژەوە چالاکیی تەبلیغاتییان ئەنجام داوە و هەر بە بۆنەوە ئاڵای کوردستانیان لە دارتێلی بەرق هەڵواسیوە.

هەروەها ئاڵای کوردستانیان لە سەر تابلۆی سێڕێیانی نەغەدە ـ شنۆ، کێشاوەتەوە و دروشمی پێوەندیدار بەو ڕۆژەیان لە سەر دیوار نووسیووە.

## یزاکا بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ پەیامێکی بڵاو کردەوە

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

به نێوی خوداوەندی ئازادی

٢٥ی گلاوێژ ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژێکی مێژوویی و پڕ لە شانازییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، و بگەرە لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی بەش بەش کراو، بەم بۆنەوە یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی دەکات لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە و کادر وپێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان و سەرجەم بنەماڵەی شەهیدانی ئەم ڕێبازە پڕ سەروەرییە و ئاواتەخوازین لە خەبات وشۆڕشی نەتەوەییتان بۆ گەیشتن بە مافی زەوتکراومان هەر دەم سەرکەوتوو بن.

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی
کوردستانی ئێران
٢٥ی گلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی

## ڕۆڵەکانی دێموکرات لە نێو شاری سەقز بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد

تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێو شاری سەقز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، کە بە مەبەستی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی ڕۆیشتوونەتەوە نێو خەڵکی کوردستان، لە شاری سەقز بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان لە نێو شاری سەقز بڵاو کردووەتەوە.

ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ و ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، لەو شوێنانەی شاری سەقز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

شەقامی سەعدی، چۆمی وەلیخان، تەپەی ماڵان، شارەبانی، شاناز، مەیدانی دوکتور قاسملوو، پارکی کەوسەر و زیندان، تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٥ گەلاوێژیان بڵاو کردووەتەوە و ئەو ڕۆژەیان لە دانیشتوانی شاری سەقز پیرۆزبایی کردووە.

ئەو تیمەی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن خەڵکی شاری سەقزەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کراوە، و خەڵک بە گوڕ و تینێکی تایبەتەوە، بەرەوپیری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە چوونە.

چالاکی و کاری تەشکیلاتیی تیمەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوامە و ئەوەش بووەتە جێگای خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان.

کار و چالاکیی تەشکیلاتیی تیمەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی سەرکوتکەری ئیسلامیی ئێران، بە هێزێکی زۆر و چەکوچۆڵی قورسەوە شارەکانی کوردستانی میلیتاریزە کردووە.

### درێژەی پەیڤ

لێی حاڵی نەبوو، ئیتر مافی ئەوەی هەیە سووکایەتیی پی بکا و تۆمەتی بۆ هەڵ ببەستێ.

بەداخەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سنووری ڕەخنە و تۆمەت هەڵبەستن زۆرجار تێکەڵ دەکرێن و بە فرتوفێڵێکی سادە و ساکار کە هەموو کەس لێی تێدەگەن، لە ژێر ناوی ڕێگادان بە ئازادیی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن، تۆمەت بۆ سیاسەت و کردارێکی سیاسی هەڵدەبەستن کە بەداخەوە، زۆر جار سەرچاوەی ئەو تۆمەت هەڵبەستنانە، دوژمنانی گەل و دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی حاکم بوون و هەن، و زۆر نەزانانە لەلایەن هەندێک کەسەوە دووپات دەبنەوە، کە ڕەنگە خۆیان زۆر زیرەکتر و وشیارتر لەوەی بزانن کە وەداوی چەواشەکاریی دوژمن بکەون.

## وەڵامی ناوەندی سەرکۆماریی فەڕانسە بۆ پەیامی هاودەردیی مستەفا هیجری

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەڕێز جەنابی سکرتێر!

پەیامی هاودەردیی و پشتیوانیتان لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی تراژیکی ئەنجامدراو لە شاری نیس، لە ڕۆژی جێژنی نەتەوەیی فەڕانسەدا، جێی سەرنجی سەرۆک کۆمار بوو و هەربۆیەش ڕایسپاردم کە لە لایەن بەڕێزیەوە سپاستان بکەم. لە بەرابەر ئەو توندوتیژییە غەدارانەیەدا، پێش هەموو شتێک بیر لە قوربانیانی ئەو جینایەتە، بریتی لە فەڕانسوی و بیانی و هەروەها بنەماڵەکانیان دەکەینەوە و هەموو وڵاتمان تازیەدارە.

جارێکی دیکە یەکگرتوویی نەتەوەیی وڵاتی ئێمە و هەروەها بەها وێناکراوەکانی، کە بریتییە لە بەها باڵاکانی مافی مرۆڤ و ئازادی، کەوتنە بەر هێرش. جارێکی دیکە ئێمە لە دەوری ئەو بەهایانە بەشێوەی بازنەیی کۆ دەبینەوە و هیچ شتێک ئێمە لە شەڕ دژی تێرۆریزم پاشگەز ناکاتەوە.

ئەو خەباتە درێژخایەن دەبێت، بەڵام بە ئەمەگداربوون بە ئارمانجە هاوبەشەکان و یەکگرتوویی، نیسبەب بەو چەقبەستوو و فاناتیکانە بەهێزتر دەبین.

فەرانسە جارێکی لە شاری «سێنت ئێتین دوروڕێ (Rouvray- ud- Etienne - Saint)» کەوتە بەر پەلاماری تێرۆریزم، لە وەها هەلومەرجێکدا پەیامی هاودەردیی و پشتیوانیی ئێوە، و کەسانی دیکەش کە بەدەستمان گەییشتوون، هەم پشتیوانیی و یارمەتییەکی پڕ بەهایە و هەم دەبێتە هۆی بەهێزبوون و بە بڕشتبوونی ئێمە.

جەنابی سکرتێری گشتی، داواتان لێدەکەم ڕێز و سپاسی تایبەتی من قبووڵ بفەرموون.

ئیزابێل سیما
سەرۆکی کابینەی سەرکۆماری
پاریس
٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی



## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە، پەیامێکی ئاراستەی لاوە بە هەست و تێکۆشەرەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەتی کوردستانی خۆرهەڵات کرد کە ئەمە دەقی پەیامەکەیانە:

لەسەر بڕیاری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووکان، ڕۆژی ١٢ی ئاگۆست، بە ڕۆژی جیهانیی لاوان ناسراوە، لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرین بۆ دەربڕینی پیرۆزباییەکی گەرم لە لاوانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بەتایبەت لاوانی خۆرهەڵاتی کوردستان، و هیوای ڕزگارییان لە دەست ڕێژیمی دژی لاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەخوازین.

لاوە بەهەست و تێکۆشەرەکانی کوردستانی ئێران!

ئێمە لەحاڵێکدا یادی ڕۆژی جیهانیی لاوان دەکەینەوە کە ئێوە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئاخوندی‌دا، لە هەموو حەز و خۆشییەکانی ژیانی لاوەتی بێبەش کراون و ڕۆژانە خەبەری دڵتەزێنی ناردنی پۆل پۆل لە لاوەکان بۆ ژێر پەتی سێدارە و، زیندانەکانی ڕێژیم دەبیسن. دیاریی ئەو ڕێژیمە بۆ هەموو خەڵک و بەتایبەت بۆ ئێوە لاوەکان، لە جیاتی دابین کردنی کار و داهات و شوێنەکانی ڕابواردنی سالم، بریتییە لە بێکاری، بێ‌هیوایی، تووش بوون بە مادە سڕکەرەکان و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان. دڵەڕاوکێ، سووکایەتی‌پێکردن، جیاوازی‌دانان و داپڵۆسین لەلایەن ناوەندە دەسەڵاتدارەکان و بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە، ئاوێتەی ژیانتان بووە و بەردەوام بە دەستیانەوە ئازار دەکێشن.

ڕزگار بوون لەو دۆخە سەخت و دژوارە پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز و لە خۆبوردوویی هەیە.

ملکەچ کردن بۆ ئەو ڕێژیمە و سواڵ کردنی ماف لێی، باری ژیان و ڕووحیتان قورستر دەکا. ڕێگای ڕزگاریی ئێوە و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، خەباتە لەدژی ئەو دیکتاتۆرە دژی کوردە و، ڕاسانە لە جیاتی ملکەچی و داماوی. ئێوە دینامۆی حەرەکەتی خەباتی شارن بە مەبەستی دەست لەملانی خەباتی شاخ و ئاوێتە بوونی ئەو دووە ئاڵقە بە توانایە، بۆ ئەوەی پێکەوە ببن بەهێزێکی شوێندانەر بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوت کراوەکانتان.

ئێوە توانای دروست کردنی ئەو زنجیرە لەشکان نەهاتویەتان هەیە.

جڵەوی خەباتی شارەکان بەدەستەوە بگرن و ئازادیی خۆتان بە زۆر بەدەست بێنن، ئێوە هێزێکی لەبڕان نەهاتوون ئەگەر ئیرادە بکەن.

ئەو ساڵ بەکردەوە شۆڕشگێڕانەکانتان کە تا ئێستا لە هێندێک لە شارەکان بەڕێوەتان بردووە، وەڵامی شاختان داوەتەوە، ئەو بەرنامانەتان بەردەوام بێ. دوژمن لێتان توقیوە و سەری لێ شێواوە، سەرکەوتن هی ئێوەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتیی
مستەفا هیجری
٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی
١٢ی ئاگوستی ٢٠١٦ی زایینی

## مەهدی زانا سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

مەهدی زانا سیاسەتمەداری ناسراوی کوردی باکوور، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد، و لە سەر پرسی کورد و گۆڕانکارییەکانی ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، مەهدی زانا، کەسایەتی و سیاسەتمەداری ناسراوی کوردی باکوور، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پێشوازیی لێ کرا.

لەم دیدار و چاوپێکەوتنەدا، گۆڕانکارییەکانی ناوچە و پرسی کورد بەگشتی خرانە بەر باس و شرۆڤە کردن.

هەروەها هەلومەرج و ئەو دەرفەتە لەبارانەی کە لە ئاکامی ئەو گۆڕانکاریی و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییانە و هەروەها بەشداریی کاریگەر و چالاکانەی هێزە کوردییەکان لە شەڕی دژی تێرۆر و گرووپە توندڕەوەکان بە گشتی، و فاکتەرەکانی بەرەوپێش چوون و بەرۆژەڤ‌بوونی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەشێك بوون لە باس و ئاخافتنەکانی ئەم چاوپێکەوتنە.

لە لایەکی دیکەوە ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد بەگشتی، دەستنیشان کران و جەخت لە سەر پێویستیی هاوکاری و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان و کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە مێژووییانەی کە ئەمڕۆ بۆ کورد هاتوونەتە ئاراوە، کرا.

## حیزبی دێموکرات سەردانی حیزبی شیوعیی کوردستانی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لە شاری هەولێر، سەردانی حیزبی شیوعیی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بە سەرپەرەستی د.کاوە محمود، جێگری سکرتێری حیزبی شیوعی، پێشوازی کران.

لەو دیدارەدا حەسەن شەرەفی وێڕای تیشک خستنەسەر هەڵوێستی نوێی حیزبی دێموکرات بۆ گەشەسەندنی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕایگەیاند کە؛ شانبەشانی خەڵک، داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان بەرانبەر بە ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران دەکەین، و پێداگری لەوە کردەوە کە لە بارودۆخی سیاسیی ئێستادا، بەدەر لە جەمسەربەندییە ناوچەییەکان، پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پێشخستنی جووڵانەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، پشتیوان و هاوکاری یەکتر بن، تاکوو بتوانین مافە نەتەوەییەکانمان لەو هەلومەرجەدا، دەستەبەر بکەین.

پاشان دوکتور کاوە مەحموود، وێڕای بەرز نرخاندنی سیاسەتە واقیعییەکانی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە پرسە نەتەوەییەکان، ڕەچاوکردنی پرەنسیپی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە پێوەندی نێوان لایەنەکاندا، کە وەک بنەمای سەرەکی بۆ هاوکاریی نێوان لایەنەکان کاریگەری هەیە، بە زەرووری زانی و پێداگریی لەسەر سیاسەتێکی یەکگرتووانەی نەتەوەیی و نیشتمانی وەک خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانی کورد لەو قۆناغەدا کرد، تاکوو لەو ڕێگایەوە نەکەونە ژێر کاریگەریی نێوان جەمسەربەندیی داگیرکەرانی کوردستان و دژایەتی یەکتر نەکەن.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن پێداگرییان لە سەر بەردەوامیی پێوەندی و هاوکاریی دوو لایەنەیان کرد.

## سمینارێک لەژێر ناوی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەولێر بەڕێوە چوو

بە بۆنەی ٧١ـەمینساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری هەولێر سێمنارێک لەژێر ناوی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، سێ ڕێکخراوی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سمیناڕێکیان لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتون، لە شاری هەولێر، بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و چەندین ڕێکخراوی لاوان و خوێندکاران، لە هەر چوار بەشی کوردستان، بەشدار بوون.

لەو سمینارەدا حەسەن شەرفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەرویز ڕەحیم‌قادر ماملۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و هەروەها عەلی عەونی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دێموکراتی کوردستان، لە سەر بابەتی دیاریکراوی سمینارەکە، بابەتەکانی خۆیان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

سەرەتای سمینارەکە، بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

سەرەتا حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر بابەتی مێژوو و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بۆ بەشدارانی سمینارەکە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

شەرەفی لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد؛ بوونی ئێوە لەو سمینارەدا، دەرخەری ئەوەیە کە هەمووتان پشتیوانی لە جووڵانەوەی ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی کە؛ باس لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی ٧١ ساڵە و سیاسەت و فیداکاریی پێشمەرگە و ئەندامەکانی حیزبی دێموکرات، لە چەند سات و کاتدا، باس ناکرێت، و وەک ئەوە وایە دڵۆپێک لە دەریا هەڵگیرێتەوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، باسی لەوە کرد کە؛ دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دواتر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، خۆی وەدیهێنەری زۆر هێمای نەتەوەیی وەک پێشمەرگە، سروودی میللی، ئاڵای کوردستان و کۆمەڵێک بەهای دیکە بوون، کە ئێستاش هەر نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکات.

پاشان، پەرویز ڕەحیم قادر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات (گرێدانی خەباتی شاخ و شار) قسەی کرد.

ڕەحیم قادر باسی لەوە کرد کە؛ باسی ڕاسان قسە و باس زۆر لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەردەم پەراوێز گرینگترە لە ناوەڕۆک.

ناوبراو گوتی کە؛ ڕاسان زۆر پرسی هێنایە گۆڕێ، و چۆن هاتە کایەی سیاسییەوە، خۆی خوێندنەوەی قووڵی پسپۆڕە کوردەکانی هەرچوار بەشی کوردستان، ئوروپایی و ئامریکایی بوو، ڕاسان پاش ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و گۆڕانی نەخشەی جوغرافیایی هاتە کایەوە.

پەرویز ڕەحیم قادر، هەروەها باسی لەوە کرد کە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ شانازیی بەوە بکات کە خۆی لەو دۆخەی ئێستادا دەستی داوەتە خەبات و لە دەرگای ڕۆژهەڵات دەدات.

ڕەحیم قادر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی؛ دوو وشەی شاخ و شار، تەنیا دوو وشە نەبوو، کە سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا باسی لێوە بکات، بەڵکوو خوێندیەوەی قووڵی بۆ کرابوو.

ناوبراو لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا گوتی کە؛ دەبێ کورد ببێتە بکەری سیاسی، نەک فاکت، چوونکە ئەگەر ببێتە فاکت، ئەوە وەک ڕابردوو تووشی زیان و خەسار دەبێت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا، عەلی عەونی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دێموکراتی کوردستان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

عەونی لە قسەکانیدا سەرەتا باسی لەوە کرد کە؛ ئێمە هەموو کوردین بە هەر جیاوزاییەکی ئایینی، زمانی و ناوچەیی کە هەمان بێت، ئێمە بۆ نەتەوەی کورد خەبات دەکەین و یەک خاکمان هەیە، ئەوەیش خاکی کوردستانە.

ناوبراو وێڕاوی پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، باسی لەوە کرد کە؛ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات شتێکی «ڕێکەوت» نیە، بەڵکوو زەروورەتی مێژوویی ئەو حیزبەی دامەزراند، بە بیری نەتەوەیی و دێموکراتیکەوە.

عەلی عەونی لە بەشێکی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە؛ حیزبی دێموکرات ٢٣ ساڵ بە شێوەی سیاسی خەباتی کرد و ئەگەرچی خەباتی چەکداریی وەلا نەنا، و ئێستاش نەیناوە، کە ئەوە خۆی جێگای سەرنجە و دەبێ پڕ بەها چاوی لێ بکەین.

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی کە؛ خەباتی چەکداری لە هەموو پارچەکانی کوردستان عەینی ئازادییە، چوونکە دوژمن خاکی ئێمەی داگیر کردووە، بۆ ئەوەیکەی داگیرکەریش لە خاکمان دەربکەین، پشتیوانی و یارمەتی لە هەموو لایەن و دەوڵەتێک قەبووڵ دەکەین.

کۆتایی سمینارەکە بە پرسیار و تێبینی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

## ڕێژیمی ئێران خاکی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کرد

ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، لە درێژەی دەستدرێژییەکانی خۆی‌دا، ناوچەی سیدەکانی تۆپباران کردووە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنج‌شەممە، ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، بۆ جارێکی دیکە بنکە و پایەگا نیزامییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران، ناوچە سنوورییەکانی سیدەکانی لە هەرێمی کوردستان، تۆپباران کرد.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیمی داگیرکەری ئێران ناوچەکانی بەربزین و سەقەری تۆپباران کردووە.

هەروەها بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، تۆپبارانی ڕێژیم وێڕای ئەو زیانانەی لە زەوی وزاری خەڵکی ئەو ناوچەیەی داوە، هیچ خەسارێکی گیانیی بەدواوە نەبووە.

شایانی باسە لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا، جارێکی دیکە ئەو ناوچانە تۆپباران کرا و ڕێژیم هەر ئەو کاتەش هەڕەشەی درێژەی تۆپبارانەکانی کرد.

# ٢٥ی گەلاوێژ، مزگێنیدەری سەرکەوتن

ناسر ساڵحی ئەسڵ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك حیزبێکی جەماوەری، مۆدێرن و پێشەنگی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیك لە کوردستانی خۆرهەڵات، لە نێو ڕووداوە سیاسییە گرینگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و ئێراندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و دەرکەوتووە. هەربۆیە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کێشە سیاسی و نەتەوییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات، بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە. پاش دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمان و هەڵوەشانەوەی ئەرتەش و دابەشبوونی وڵاتی ئێران لە لایەن زلهێزەکانی سەرکەتووی شەڕی جیهانیی دووهەم، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی‌دا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی و نەتەوەیی بە ناوی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ك)»، لە بۆشایی هێزی سەرکوتکەری ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی، کەڵکیان وەرگرت. ئەو ڕێکخراوە لەسەر بنەمای شوناسخوازیی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد دامەزرا. ئەندامانی «ژ ك» بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریاندا کە حیزبێکی مۆدێرن دامەزرێنن. هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، «حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی «ژ ك»، لە شاری مەهاباد دامەزراند، و لە ٢ی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمەڵەکە و دەیان کەسایەتیی ناسراوی کوردستان، یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات، و مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ مادەدا بڵاو کرایەوە. پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، قازی محەممەد وەك پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی «کۆمەڵەی ژ ك»، بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە بووە. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێك بوو، کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی «ژ ك»دا، ئامادەکاری و بەستێن سازیی بۆ کرابوو. هەروەها گرنگییەکی دیکەی دەور و ڕۆڵی کاریگەری کۆمەڵەی «ژ ك»، لەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوە بوو کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە حیزبی دێموکراتدا، خاوەن پلە و پێگەی بەرز بوون و لە ئاستی ڕێبەریدا سەرقاڵی پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بوون. پێشەوا قازی محەممەد، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاران، (لە ژمارەکانی ١و ٢ی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤چاپ بووە) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات لە سەر بناغەی تەشکیلاتیی «کۆمەڵەی ژ ك» دامەزراوە، دەڵێ: «ئێمە ٤ ساڵە خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی خۆمان هەیە». هەوەها سەید محەممەد حەمیدی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان»، لە سەروتاری ژمارە ١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا، لە ژێر سەردێڕی «ئامانجی ئێمە»دا، دەنووسێ: «دوای خەرمانانی ١٣٢٠، و دەست لەکار کێشانەوەی ڕەزاشا، توانیمان خۆمان ئیدارەی ناوچەکەمان بگرینە دەست، و خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی پێکبێنین». یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەوە بوو کە توانیی، تەنیا پاش ١٥٩ ڕۆژ لە دامەزرانی «حیزبی دێموکراتی کوردستان»، تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە بەشداریی کوردانی چوارپارچەی کوردستان، «کۆماری کوردستان» دامەزرێنن. هەر بۆیە لە مێژووی هاوچەرخی سیاسیی نەتەوەی کورددا، دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، بە بەشداریی بیست هەزار کەس، لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە درەوشاوەترین قۆناغی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی خۆرهەڵات ئەژمار دەکرێ، و تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە. لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو هەنووکەش، کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لە ئاستی چوارپارچەی کوردستاندا، و هێمایەك بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەقەڵەم دەدرێ. هەروەها پەیامێکی دیکەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان ئەوە بوو کە؛ بە گوێی دێموکراسیخوازان و وڵاتانی دێموکراتیك بگەیەنن کە کوردیش نەتەوەیە و مافی خۆیەتی وەك هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەسەربەستی بژی. بڕگەیەکی دیکە لە مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات، جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦-ـ ٤٧ی هەتاوییە. ڕێژیمی حەمەڕەزا شا، ئیدیعای دەکرد کە ئێران دورگەی ئارامە، لە وەها هەلومەرجێکدا، بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ماوەی ١٨ مانگ خەباتی چەکدارییدا، دورگەی ئارامی ڕێژیمی حەمەڕەزاشایان لە کوردستانی خورهەڵات شڵەقاند. جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ـ٤٧ی هەتاوی، بڕگەیەکی زێڕین لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، تا چالاك کردنەوەی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی، و هاتنە مەیدانی بە کردەوەی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، دێتە ئاژمار.

پاش سەوکەتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕێژیمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش سی و دوو ساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی، سەر لەنوێ ئاشکرا بوونی خۆی ڕاگەیاند. کوردستانی خۆرهەڵات بۆ یەکەمجار پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، تامی ئازادیی ڕاستەقینەی دەچێژت و دەسەڵاتی ناوەندیی بە سەرەوە نەبوو. بەڵام بەداخەوە، پاش بێ‌ئاکام بوونی وتووێژ لەنێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم بڕیاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم کەسی کورد و ئێرانی بوو، کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی لە ئێراندا دایە قەڵەم، و حیزبی دێموکرات ڕێفراندۆمی ڕێژیمی بۆ دامەزراندنی «کۆماری ئیسلامی»، بایکۆت کرد. ڕێژیمی خومەینی لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨دا، هێرشێکی بەربڵاوی نیزامیی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، کە پاشان خومەینی بە دەرکردنی فتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، لەشکرکێشیی پاسدارانی ڕێژیم، بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان دەستی پێکرد، کە تا ئێستاش بە شێوەی جوراوجور هەر بەردەوامە. کاتێك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا، لە لایەن تاقمێك خوێندکارەوە دەستی بەسەردا گیرا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەبەر ڕووناکایی ڕێنوێنییەکانی شەهید دوکتورقاسملووی نەمر، ئەو کردەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، واتە گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکای مەحکووم کرد، کە ئیستا بۆتە جێی سەرنجی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و دەرەکی. لە لایەکی دیکەوە، ئەوڕۆ کە چەمکەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆتە کولتوور بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی، دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە کاتی دامەزرانیەوە تا ئیستا، دووربینترین، پێشکەوتنخوازترین و مۆدێرنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێرانە، کە باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە، و هەیە.

پاش شەڕی کەنداو، و گۆڕانکاریی بەرچاو لە خۆرهەڵاتی ناڤین، و بە ئاکام گەیشتنی خەباتی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، و هەست بە بەرپرسیارەتی کردنی حیزبی دێموکرات، و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی خۆرهەڵات بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان، لە وەها هەلومەرجێکدا، و پاش نزیك بە ٢٠ ساڵ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ دەرەتان و دەرفەتێکی بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی بە خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات بە ڕەوا نەبینیوە و ئیستاش سیستمێکی سەرەڕۆ و توتالیتێر دەسەڵاتدارە، بۆیە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە. هەر بۆیە بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامی نەورۆزیی١٣٩٥دا، دەسپێکی ڕاسانەوەی ئەمجارەی، بە لێك‌گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ ڕاگەیاند. یەکێك لە تەوەرە گرینگەکانی ڕاسانی ئەمجارەی حیزبی دێموکرات، خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ چۆنیەتیی هەوڵدان بە مەبەستی ڕێکخستن و بەرینترکردنی مەیدانی خەباتی شار و شاخ، و لە هەمانکاتدا، بەجەماوەریترکردنی خەبات و ئەمەش وەك ڕێکارێك لە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا، کەوتۆتە بەر سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. چوونکە لە ئێستادا پشت بەستن بە ڕێکخستن، یەکڕیزی و مودیریەتی نەخشەڕێگای خەباتی شار و شاخ، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پۆتانسییەل و توانای ئەوەی تێدایە، لە هەر دەرەتان و دەرفەتێك بۆ زەقکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کەڵکوەرگرێ، و لە پێناو ئەم ویست و داخوازییانەدا، بە شێوەی بەردەوام و بەکۆمەڵ، بێتە سەر شەقام. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە، کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، هیچ پێگەیەکی لە ی خۆرهەڵاتدا نیە، و ئەو سیستمە داخراوە هیچ دەسکەوتێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بۆ خەڵکی کوردستان نەبووە، بەستێنی ناڕەزایەتیی شار لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لە ئارادایە. هەر بۆیە دەستپێکردنی ڕاسانی نوێ و قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی مافخوازانە لە کوردستانی خۆرهەڵات، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، دەنگدانەوەی بەرینی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەدوای خۆیدا هێنا و تابۆی بێدەنگ‌بوونی کوردستانی خۆرهەڵاتی شکاند. لە ڕاسان و ڕابوونەوەی ئەمجارەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات، بە باوەڕمەند بوون بەو ڕاستییە کە شار ناوەندی ڕاسانە، بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەستانەوەی ئەمجارەی خەباتی ڕەوادا بەشدار بوون.

خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانی خۆرهەڵات کە ئامانج و ویستەکانی خۆیان لە نێو ئامانج و ویستەکانی ڕاسانە و هەستانەوە و لێك‌گرێدانی خەباتی شار و شاخ دەبینیەوە، بە تەواوی پشتیوانیی ڕاسان و ڕابوونی ئەمجارەی حیزبەکەی خۆیانن. هەروەها بە دەیان حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە چوار پارچەی کوردستانەوە پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕاسان و ڕابوونەوەی کوردستانی خۆرهەڵات دەربڕیوە.

ڕاسان و نوێ بوونەوەی قۆناغێکی دیکە لە خەبات، کە ویست و داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاتۆتە ئاراوە، پێویستە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات، بە بۆچوونی جیاوازەوە، لە ئاست گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین و کوردستان لە داهاتوودا، یارمەتیدەربن، تاکوو بە باشتر کردنی پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی خۆرهەڵات، بۆ هاوخەباتییەکی بەردەوام و هاوئاهەنگ کە وەڵامدەری پێویستییەکانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات بێت. ئێستا پاش ٧١ ساڵ خەباتی بەدەوام، پێویستە لەم پێوەندییەدا ئاماژەیەکی کورتیش بەو هەموو تێچووانەی کە ئەمڕۆکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردۆتە باوەڕ و پێناسەی خەباتی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی خۆرهەڵات، بکەین. هەر لە دەسپێکی ئەم ئەرکە قورس و گرانەوە، پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان، و دەیان تێکۆشەری دیکەی دێموکرات، لە پێناو چەسپاندنی ئەم دەسکەوت و سەروەرییانەدا سەربەرزانە گیانیان فیدای ئامانج و ڕێبازی دێموکرات کرد. لە درێژەی ئەم ڕێگا دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و کەند و کۆسپەدا، و لە هەمانکاتدا پڕ لە شانازییەدا، دوو ڕێبەری لێهاتوومان شەهیدان دوکتور قاسملووی نەمر و دوکتور سادق شەرەفکەندیی هەمێشە زیندوو، وێرای هەزاران کادر و پێشمەرگە، گیانیان لە پێناو ئامانج و ڕێبازی دێموکراتدا بەخت کرد. هەر لەم پێناوەشدا خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆتە بەشێك لە بوونیان، زۆرترین تیچووی گیانی و ماڵییان بۆ داوە. کەوابوو حیزبی دێموکرات، بەم هەموو تیچووە گیانی و ماڵییەی خەڵکی کوردستان، بووەتە باوەڕ و پێناسەی خەباتی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات. هەر بۆیە ئێستاش پاش زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا، ڕێباز و قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەك هەر تۆزی کۆنبوونی لی نەنیشتووە، بەڵکوو وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستاندا ئەدرەوشێتەوە و وەك گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، لە گۆڕەپانی خەباتدا دەرکەوتووە.



# کوردی ئێران: «ئێمە پۆتانسییێلی بەهاری کوردی لە ئێران دەبینین»

و: کەژاڵ محەممەدی

لە وتووێژێکی تایبەتی ئورشەلیم ئانلاین، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناوبراو باسی ئەو زوڵم و زۆرە دەکات کە کوردەکانی ئێران چێشتوویانە و ئاماژەبەو هەموو ستەمە کەڵەکە بووە دەکات، کە وای لە کوردەکانی کوردستانی ئێران کردووە، لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران شۆڕشێکی ئازادیخوازانە دەست پێبکەن. شۆڕشێک بۆ ڕووخاندنی و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتی فێدراڵی، کە ڕێز لە مافی گشت نەتەوەکان و مافی مرۆڤ بگرێ.

لە وتووێژێکی تایبەتیدا، لەگەڵ جوورووسلم ئانلاین، بەڕێز مستفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێت: «لەسەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەئێراندا، کوردەکانی ئەو وڵاتەلەو باوەڕەدا بوون کە؛ ئەو ڕێژیمەمافەسیاسییەکانی خەڵکی ئێران دابین ناکات، بۆیە لەڕێفراندۆمی دیاری کردنی چەشنی ڕێژیمدا بەشدارییان نەکرد. دواتر کوردەکان داوای وتوێژلەگەڵ دەوڵەتیان کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەری کێشەی کورد بکرێت، و ڕێژیم ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتی کورد قبووڵ بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕێژیم نەتەنیا داواکارییەکانی گەلی کوردی پەسەند نەکرد، بەڵکوو شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورددا سەپاند. ئۆپۆزیسیونی کورد، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستیان دایە شۆڕش بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد. سەرەڕای نەبوونی بالانسی هێز لە نێوان هێزە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد و ڕێژیمی ئێران، و ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە کە لەسەریان بووە و هەیە، گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو گەلە لە خەبات لەدژی ئەو ڕێژیمە بەردەوامن و کۆڵیان نەداوە و کۆڵ نادەن».

«ڕێژیمی ئێران شۆڕشی مێژوو خوڵقێنی گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بۆ سەر دەسەڵاتە شوومەکەی، بە مەترسی دەزانێ، و میللەتی کورد و ئازادیخوازانی ئەو گەلە بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێت، و منداڵانی میللەتی کوردی لە نێعمەتی خوێندن بە زمانی دایکیی خۆیان بێبەش کردووە. بەم جۆرە، سیاسەتی ئاپارتایدی بەسەر گەلی کورددا سەپاندووە. هەروەها ستەمێکی مەزهەبیی زاڵمانەشی بەسەر باوەڕمەندانی مەزهەبیی کورددا سەپاندووە. بۆ نموونە سوننی مەزهەبەکان کە ڕێژەیان لە تاران دەگاتە چەند میلیون کەس، مافی ئەوەیان نیە کە مزگەوتی خۆیان هەبێ و لەهەر چوار پارێزگاکەی کوردستان، یارمەتیی مادی نادرێت بە مزگەوتەکان».

«ڕێژەی بێکاری لە کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، زیاترە. چالاکیی سیاسی و نەتەوەیی و داخوازەکانیان، بە نایاسایی دەژمێردرێ و چالاکوانانی سیاسیی کورد، دەبەستنەوە بە ئیسراییل و ئەمریکا، و بەم دوایانەش عەرەبستانی سعوودییەوە. چالاکوانی سیاسیی کورد زیندانی هەتاهەتای بۆ دەبڕدرێتەوە و بەشێکیشیان لەسێدارە دەدرێن، ئەو هەموو ستەمەی کە لەسەر گەلی کورد هەیە، وای لە کوردەکان کردووە کە لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوستن و دەست بدەنە شۆڕش».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت: «ئەو هێز و توانایە لە گەلی کورد و شۆڕشگێڕانیدا دەبینیێ، کە بەهاری کوردی مسۆگەر بکەن». هەروەها دەڵێت؛ «ئێمە لەو باوەڕەداین کە پرسی کورد بەگشتی لە ئێستادا، پرسێکی گرینگی سیاسییە لە ناوچەکەدا. ئەوان مافەکانی خۆیان دەناسن و خەباتی بۆ دەکەن، کورد هێزێکی شوێندانەرە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردی ئێرانیش وەکوو بەشێک لەو نەتەوەیە، داهاتووی باشتری لەپێشە، بەتایبەت کە کۆماری ئیسلامی، وەکوو سیستمێکی نامۆ لە دەسەڵاتداری لە ئێران، بەهۆی ناتەباییە نێوخۆییەکانی، گەندەڵ بوونی سەرتاپای ڕێژیمەکە، پەرەگرتنی ڕۆژبەڕۆژی زیاتری بێزاریی خەڵک و، قەیران خولقاندن و ئاژاوەگێڕی لەناوچە، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئێمە پێمان وایە کە هەموو وڵاتانی دێموکرات و ئازادیخواز، پێویستە یارمەتیی کوردەکانی ئێران بدەن لەخەبات دژی ڕێژیم، چوونکە ئەو خەباتە لە ڕاستای بەهێز کردنی بەرەی دێموکرات لە ناوچە و بەدژی کۆنەپەرەستترین ڕێژیمی سەردەمە کە دژایەتی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لەهەموو جیهاندا دەکات، یارمەتیی زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان دەدا، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دەکا. لاواز بوون یان نەمانی ئەو ڕێژیمە، ئاشتی و سەقامگیری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز دەکا.»

هجری هەروەها دەڵێت: «ئێمە وەکوو کورد، بەگشتی هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نییە بە ئیسرائیلیشەوە، بێجگە لە حکوومەتی ئەو وڵاتانەی مافی کورد پێشێل دەکەن، لەو باوەڕەدام کەزۆربەی خەڵکی ئێرانیش هەر وا بیر دەکەنەوە. ئێمەی کورد بەرنامەی جیابوونەوە لە ئێرانمان نیە، بەڵکوو خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵە، کە لەودا، کورد و باقی نەتەوەکان، بەشێوەی ئۆتۆنۆمی حکوومەتی خۆجێیان هەبێ، و لە بەڕێوەبردنی ئێرانیشدا، بەگوێرەی یاسایەکی دێموکراتیک بەشدار بن».

هیجری هەروەها دەڵێ کە؛ «کوردەکانی ئێران، بێزان «لە ئیدارە کردنی سیاسەتی ئامریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتیی ئوبامادا، و زۆرتر بە هەوڵدان بۆ سازان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە، بەتایبەت واژۆی گرووپی ١+٥، سەبارەت بە لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، بەسەرۆکایەتی ئامریکا، دەستی ئەو ڕێژیمەی ئاواڵەتر کرد بۆ سەرکوتی ئازادیخوازانی ئێرانی، بەکورد و باقی نەتەوەکانەوە. هەروەها لە یارمەتیدانی زیاتری ڕێژیم بە گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە و لەئاکامدا وێرانیی و کۆشتاری زیاتر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر شوێنی دیکەی دنیا.»

«مستەفا هیجری دەڵێت: «ئێمە پۆتانسیێلی ڕاپەڕین لەدژی ڕێژیم، لە هەموو ئێراندا و بەتایبەتی لە کوردستاندا دەبینین، بەڵام ئەو پۆتانسیێلە پێویستی بە بەهێزکردن و یارمەتیدان هەیە. کوردەکان ئەگەر پشتیوانی بکرێن، دەتوانن ببنە ناوەندی بەتوانای ئەو ڕاپەڕینە یان ئەو بەهارە بۆ هەموو ئێران». حیزبی دێموکرات زیاتر لە ٧٠ کیلۆمیتر لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، و دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە، و لە لایەن زیاتر لە ٥٠ لە سەدی نەتەوەکانی ئێرانەوە، پشتیوانی لێ دەکرێت. حەشیمەتی گەلی کورد لە ئێران ١٠ میلیۆنە. «حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ، ڕێبەرایەتی شۆڕشی گەلی کوردی کردووە و دەیکات. جووڵانەوەی کورد گەیشتۆتە قۆناغێکی تازە و ئێمە لە گشت بوارەکانی، کولتووری، مەدەنی و نیزامیدا، بۆ وەدەست هێنانی سیستمێکی دێموکراتیی فیدراڵی لە کوردستانی ئێران چالاکین.»



# لە سەدا ٣٠ی خەڵکی ئێران بۆ نانی شەویان موحتاجن

جێگری وەزارەتی تەندروستیی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاند، لە سەدا ٣٠ی خەڵکی ئێران برسین و تەنانەت نانی شەویان نیە و ئەو ئامارەش لە لایەن وەزارەتی کاری ڕێژیمی ئێرانەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، لە ٦٤ەمین دانیشتنی ستادی میلیی ساماندانی کاروباری لاوان لە ئێراندا، باس لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کرا و لەو پێوەندییەدا نوێنەری وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی باسی لەوە کرد کە لە سەدا ٢٥ی حەشیمەتی ئێران پەراوێزنشینن، و لە سەدا ٣٠ی دیکەی حەشیمەتی ئێران، لاوان پێکی دێنن کە بۆ دۆزینەوەی کار هاتوونەتە شارەکان.

لەو دانیشتنەدا نوێنەری وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی ڕێژیمی ئێران گوتی کە گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، دزی، بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، بێبەش بوون لە مەرجەکانی تەندروستی و دەرمان و نەخۆشییە عەفوونییەکان، گرینگترین کێشەی حەشیمەتی پەراوێزنشینی ئێرانە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، حەشیمەتی پەراوێزنشینی ئێران ١١ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە، کە بەپێی ئەو ئامارە، لە سەدا ٥٦ی ئەو حەشیمەتەش کرێنشینن و لە سەدا ٣٠ی ئەو کرێنشینانەش، لاوان پێکی دێنن.

حەسەن قازیزادە هاشمی، جێگری وەزیری بێهداشتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، باسی لەو کردووە کە پارێزگاکانی گوڵستان، ئەلبۆرز و تاران زیاترین ئاماری لەشفرۆشییان هەیە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو وەزیرەی ڕێژیم، ئاماری ڕاستەقینەی ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەی نەدرکاندووە.

هەروەها ئەو وەزیرەی ڕێژیم، نیسبەت بە پەرەگرتنی پێوندیی جینسی لە نێوان قوتابییاندا هۆشداری دا، کە ئەوەش دژکردەوەی توندی نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی بەدواوە بوو.

بە باوەڕی کارناسان، گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران، داخرانی زۆربەی یەکە پیشەییەکان و کۆتایی هێنان بە وەبەرهێنان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی قەیرانی ئابووری و نەمانی هەلی کار لە ئێراندا دێنە ئەژمار.

ژمارەیەك کارناسی دیکەش دەڵێن: هۆکاری پەرەسەندنی هەژاری لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ یارمەتییە ماڵییەکانی ئێران بە ڕێژیمی بەشار ئەسەد، میلیشیاکانی حیزبوڵڵا، حوسییەکان و ژمارەیەك لە گرووپە میلیشیاکانی عێراق.

# چوار ئەندامی سپای تێرۆریستیی پاسداران لە سووریە کوژران

لە درێژەی بەکوشتچوونی ئەندامانی ڕێکخراوی سپای تێرۆریستیی پاسداراندا، ٤ ئەندامی لقی قودسی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە، لە سووریە کوژران.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکانی ڕێژیمی ئێران، ٤ تێرۆریستی سپای پاسداران، سەر بە لقی قودس لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سووریەدا بەکوشت چوون.

شوناسی ئەو ٤ پاسدارە تێرۆریستە عیسا ڕەزایی، سەلام ئەکبەری، کازم محەممەدی و ئەمان کەریمی ڕاگەیەندراوە کە سەر بە گوردانی ناسراو بە «فاتمیوون» بوونە.

لەو پێوەندییەدا، هەواڵدەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە ماوەیەك پێش ئێستا بڵاویان کردەوە کە ٣ تێرۆریستی ڕێژیمی ئێران و ٨ تێرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان کوژراون.

هەواڵدەریی فارس سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی یەکشەممە بڵاوی کردەوە کە لە پارێزگای حەمای سووریە، پاسداری تێرۆریست مەحموود نەریمانی کوژراوە.

تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە بەکرێگیراوەکانی ئەرتەشی داگیرکەری ئێران ناسراو بە کڵاو کەسکەکانیش لە شەڕی سووریەدا کوژراون.

بەپێی ئامارەکان تا ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە ئەندامانی سپای تێرۆریستیی پاسداران لە شەڕی سووریەدا کوژراون.

شاری حەلەب لە باکووری سووریە، بۆتە گۆڕەپانی تێکهەڵچوون لە نێوان دژبەرانی ڕێژیمی سووریە و هێزەکانی بەشار ئەسەد و پشتیوانانی نێونەتەوەیی دەوڵەتی ئەسەد، بە تایبەت هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیە، بەکرێگیراوەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارنی ئێران و حیزبووڵڵای لوبنان و لایەنە بەکرێگیراوەکانی دیکەی ڕێژیم لەو ناوچەیەدا.

# تاجزادە و کوڕەزای خومەینی ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ بە ڕەوا دەزانن

چەند ڕۆژێك پاش بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی لێدوانەکانی ئایەتوڵڵا مونتەزیری سەبارەت بە ئیعدامە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧، عەلی خومەینی، کوڕی ئەحمەد خومەینی، یەکێك لە تۆمەتبارە سەرەکییەکانی ئیعدامەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «جومهوریی ئیسلامی» ڕایگەیاند: «ڕووداوی ساڵی ٦٧ بەرهەمی مودیرییەتی ئیمام بووە».

ئەو لە درێژەدا وتی: «نیزام دەیتوانی لەگەڵ ئەوانە چ بکات؟ ئەمڕۆ هێندێك کەس خۆیان کردۆتە دڵسۆز و دەڵێن بۆچی ئەمانە سەرکوت دەکەن؟ بۆچی موناقفینتان سەرکوت کرد؟ بۆچی بێ حیجابەکانتان سەرکوت کرد؟ بۆچی گەمژەکانتان سەرکوت کرد؟ نیزام دەبوایە چ بکات؟ دەبوایە شەڕ بە دژیان بکات. زۆریش بە توندی دەبوایە شەڕیان بکات. سپاس بۆ خوا کە هەر واش کرا و وڵات سەقامگیریی بە خۆیەوە بینی».

ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە وتەکانی خۆیدا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لیژنەی دادوەری کە بەم دواییانە فایلە دەنگییەکەی بڵاو کرایەوە گوتبووی: «خودی ئەحمەدئاغا کوڕی ئاغای خومەینیش لە سێ چوار ساڵ پێشترەوە دەیگوت ئەمانە بە ڕۆژنامەخوێن و گۆڤارخوێن و بەیاننامەخوێنیانەوە دەبێ ئیعدام بکرێن».

هەروەها مستەفا تاجزادە، یەکێك لە چالاکانی سیاسیی ئیسڵاحخواز، و جێگری سیاسیی وەزارتی نێوخۆ لە کابینەی یەکەمی موحەممەدی خاتەمی لە نووسینێکدا کە ڕۆژی شەممە ١٣ی ئاگۆست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی کردەوە، نووسیویە: «بە نۆرەی خۆم لە بنەماڵەی ئیعدامکراوانی ئەو کارەساتە بە تایبەتی کەسوکاری ئەو قوربانییانەی کە ئەندامی موجاهیدینی خەلق نەبوون، داوای لێبووردن دەکەم».

ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئیعدامکراوانی ساڵی ٦٧ بەپێی ئامارەکان، لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق بوونە و دیار نیە کە تاجزادە بەو شێوە داوای لێبووردنەی دەیهەوێ چی بسەلمێنێت؟

هاوکات، ئەحمەد مونتەزیری، کوڕی ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە بەم دواییانە لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی فایلێکی دەنگیی باوکی لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کۆمیتەی ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ بانگ کراوەتە دادسەرای تایبەتی ڕۆحانیەت، جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە هێشتا بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی زۆری لە ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە بەردەستدایە.

سەرەڕای ئەوەش مونەتەزیری ڕایگەیاندووە ئەو بەڵگەنامانە تەنیا لە شوێنێکدا نین و ئەگەر مەئموورانی ئەمنیەتیی ڕێژیم بیانهەوێ بیاندۆزنەوە، دەبێ نەك هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا بۆیان بگەڕێن».

ئەحمەد مونتەزیری لە لایەن دادسەرای تایبەتی ڕۆحانیەتی شاری قومەوە بەوە تۆمەتبار کراوە کە بە بڵاوکردنەوەی ئەو فایلە دەنگییە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە سەردەمی یەکگرتنیان لە عەرەبستانی سعوودیدا هاوکاریی کردووە.

# ئابووری و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگە

**شەماڵ تەرغیبی**

زیاتر لە ٦٠ ساڵە کە لە ئێراندا پلان و بەرنامەی جۆربەجۆری ئابووری دادەڕێژرێ و بۆ خستنە گەڕی ئەم پلانە ئابوورییانە، سەرمایەدانانی کەڵان بە ڕێژەی دەیان و سەدان میلیۆن دۆلار هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هیچ کات ئەم پلانگەلە بە ئاکامێکی گونجاو نەگەیشتن و دەبینین کە لەپاش ئەم ساڵانە، هێشتا ئابووریی ئێران بە شەلەشەل ڕێ دەکات؛ ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتگەلێکی بچووکتر لە ئێران، کە نەتەنیا لەباری هێزی مرۆیی، بەڵکوو لەباری سامانە سروشتییەکانەوە زۆر لە پاش ئێرانن؛ لەوانەش کۆرەی باشوور، تورکیە، بریزیل، هۆنگ کۆنگ، ڤیەتنام و... هتد. هۆکاری ئەم دۆخە چییە؟ چما ئابووریی ئێران توانای گەشەسەندنی نییە؟

ئابووری دیاردەیەکی ئاوێتەبوو بە هۆکاری مرۆییە، بەو واتایە کە لەبەرچاوگرتنی توانایی، خواست و پێویستییەکانی مرۆڤ، ئەم دیاردە لە درێژخایەندا دەکاتە بەڵایەکی گەورەتر بۆ کۆمەڵگا. لە ئێراندا بەهۆی بوونی سەرچاوەی ژێرزەوینی وەک نەوت کە بە فرۆشتنی پارەی کەڵان دێتەدەست، قوژبنەکانی تری ئابووری لە بیر کراون؛ ئەم داهاتە کە ماندووبوونێکی ئەوتۆی لەگەڵدا نەبوو، بەرەبەرە فەرهەنگی «بەکاربەرێتی» لەنێو دەوڵەتەکان و کۆمەڵگادا جێگیر کرد، و بۆخۆیشی بووە هۆی هاتنەئارای کۆمەڵێک بێ نۆرمیی کۆمەڵایەتی و کرداری، کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: چوونەسەری ئاستی هاوردە، چوونەسەری ئاستی دراوی ڕووت، و خزاندنی بەلێشاوی بۆ نێو بازاڕ و هاتنەئارای دیاردەی «هەڵاوسان»، ئەنجامدانی کۆمەڵێک پرۆژەی ناپێویست، بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانایی و بەستێنەکان کە دیاردەیەکیان بەدوای خۆیاندا هێنا، کە پێی دەوترێ «نایەکسانیی کۆمەڵایەتی».

مەسعوود نیلی، ڕاوێژکاری ئابووریی سەرکۆماری ڕێژیم، کە پێشتریش بۆ ماوەی ٣ساڵ جێگری دەزگای بەرنامە و بودجە بووە، و هەنووکە وەک مامۆستای زانکۆی سەنعەتی شەریف و سەرۆکی دامەزراوەی باڵای لێکۆڵینەوەی دەزگای بەڕێوەبەری و بەرنامەداڕێژی کار دەکات، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری «مهرنامە» دەڵێ: «ئەو کاتەی کە لە دەزگای بەرنامەدا بووم، لە یەکێک لە دانیشتنەکانماندا باڵوێزی کۆرەی باشوور پێی وتین؛ ئێمە لە کۆرەی باشوور هیچ بەرنامەیەکمان بۆ بەڕێوەبەریی قەیران نەنووسیوە، و تەنانەت هیچ بەرنامەیەکمان بۆ ئابوورییەکەمان نییە. ئێستا پاش زیاتر لە ١٧ ساڵ، کاتێک کە سەیری ئەوان و خۆمان دەکەم، شەرم دامدەگرێت کە کۆرەی باشوور توانیویەتی پێش بکەوێ، بەڵام ئێمە کە ئەوکاتیش بەرنامەداڕێژیمان دەکرد، هیچ پێشکەوتنێکمان بەخۆوە نەبینیوە.»

ئەزموونی کاری وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری ئابووری، پێمان دەڵێ؛ ئەم هاوکێشە بە ڕەچاوکردنی ٤ یاسای ساکار چارەسەر دەکرێت، کە بریتین لە:

١. دانی ئازادیی کردار بە کەرتی تایبەت. لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا کەرتی تایبەت خاوەنی ئازادیی تەواوی کردارن، و پێویستیان بەوە نییە کە بیر لە مافی خاوەنداریەتی بکەنەوە.

٢. دەوڵەت لە بیاڤی ئابووریدا سنووردار دەکرێتەوە. لەمجۆرە وڵاتانەدا یاسا ئیزن بە دەوڵەت نادات تاکوو بە مەیلی خۆی دەستێوەردان لە کاروباری ئابووریدا بکات، و چۆنی پێ خۆش بوو، بڕیار بدات و لەبەرانبەر کەسیشدا وەڵامدەر نەبێت.

٣. شێوازی ئاڵوێر و هەڵکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دونیا. وڵاتانی پێشکەوتوو وڵاتانێکی «ڕو لە دەرەوەن»ن (برون گرا)، واتە ئەگەر وڵاتێک نەتوانێ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیدا دانووستانی بەربڵاوی هەبێ، وەپاش دەکەوێ.

٤. بوونی سیستمی پاڵپشتی. کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووریی لە قەوارەیەکی دیار و بەرچاو.

ئێستا ئەگەر ئەم پێوەرانە بۆ بەراوردکاری لەنێوان ٢ وڵاتی ئێران و کۆرەی باشوور دابنێین، دەبینین کە کۆرەی باشوور بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە و سەرەڕای بوونی پانتایی ١٠٠هەزار کیلومێتری دووجا، بووەتە سێزدەهەمین ئابووریی جیهان و ئەندامی گرووپی ٢٠، کە داهاتی سەرانەی نێوخۆییەکەی تا ساڵی ٢٠١١ بریتی بووە لە ٢٣٧٤٩ دۆلار. کۆرەی باشوور خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز بە داهاتی زۆر و بازاڕێکی گەشەسەندووە، کە بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە توانیویەتی نازناوی «بەوری ئاسیا» بۆ خۆی تۆمار بکات.

لە بەرانبەریشدا ئێران سەرەڕای بوونی پانتایی زیاتر لە ١ میلیۆن کیلۆمێتری دووجا، و بوونی دەیان کانزای گرینگ و دەرەتانی گونجاو بۆ کشتوکاڵ، و سامانی گرینگی وەک نەوت و گاز، هێشتا نەیتوانیوە لەباری ئابوورییەوە لە وڵاتێکی وەک کۆرەی باشوور نیزیک ببێتەوە؛ بە واتایەکی دیکە، هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران ئەوەمان پیشان دەدات کە، پاش زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە بەرنامەداڕێژی بۆ دوورەدیمەنێکی باشتر بۆ ئابووریی وڵات، و دانی نرخی زۆر و زەوەند لەمبارەوە، هێشتا نەیتوانیوە بیسەلمێنێت کە وڵاتێکی پێشکەوتووە و کۆمەڵێک نوقوستان و کەمایەسی گەورە و بچووک هێشتا یەخەی ئابووریی ئێرانی گرتۆتەوە، کە ڕەنگە گرینگترینیان ئەمانە بن: بەستراوەیی بە داهاتی نەوت، شینخۆر کردنی ماددە کانزاییەکان، ناپایداربوونی بازاڕ، نرخی بێکاریی زۆر، دواکەوتوویی تێکنۆلۆژیک، هەژاری و نایەکسانی، ناکارامەیی دامەزراوە ئابوورییەکان، گرانی و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر.



# ئامارەکان باس لە درۆبوونی هەوڵە ئابوورییەکانی ڕێژیم دەکەن

بەپێی دوایین ئامارە حکوومەتییەکان، تەنیا ٢٪ی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی ئێران، بەم وڵاتە گەیشتووە، و کارناسانیش دەڵێن؛ هەناردەکردنی نەوتی بەلاش گەورەترین دەسکەوتی بەرجام بووە.

ڕۆژنامەی «جوان»، لە ژمارە ٤٨٨٦ی خۆیدا، بە ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ، ڕاپۆرتێکی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی هەناردەکردنی نەوت لە پاش ڕێککەوتنی ناوکی، ناسراو بە «بەرجام» بڵاو کردۆتەوە، کە تێیدا هاتووە؛ گەورەترین دەسکەوتی بەرجام بۆ ئێران، بریتی بووە لە، هەناردەکردنی نەوتی بەلاش.

لەم ڕاپۆرتەدا، بە ئاماژەکردن بۆ قسەکانی «مۆحسێن قەمسەری» بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری نێونەتەوەیی وەزارەتی نەوتی ڕێژیم، هاتووە؛ «لە پاش بەرجامەوە تەنیا ٢٪ی پارە و داهاتی فرۆشی نەوت بە ئێران گەیشتووە، کە ئەمە نیشان لە بێ ئاکام بوونی بەرجام دەدات».

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بەسەرنجدان بە فرۆشی ٢ میلیۆن و ٤٥٠هەزار بەرمیل نەوت، لە ٢ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، تەنیا ٢٠٧میلیارد تمەن ڕەوانەی حیسابی بانکیی ئێران کراوە؛ ئەمەش لەحاڵێکدایە کە ئەم پارەیە دەبوا ١٧ هەزار میلیارد تمەن بووایە.

ئەم هەواڵە لە کاتێکدا بڵاو دەبێتەوە کە؛ لە پاش واژۆکردنی بەرجامەوە، گەورەلێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی، بەردەوام هەوڵ دەدەن وا بنوێنن کە توانیویانە لەباری دیپلۆماسییەوە ڕۆژئاوا شکست بدەن، و قازانجە ئابوورییەکان بە خێرایی ڕوو لە ئێران دەکەنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، «سادق زیباکەلام» کە بە یەکێک لە تێئۆریسیەنەکانی «ئیسڵاحات» لە ئێران دەناسرێ، لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی «فرارو» وتوویەتی: «کارنامەی کاری دەوڵەتی ڕووحانی، لە بوارەکانی سیاسەتی نێوخۆیی، سیاسەتی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی فەرهەنگی و بەتایبەت لە بیاڤی ئابووریدا، زۆر ناسەرکەوتوو و لاواز بووە، کە سەلمێنەری کەش و دۆخی شپرزەی ئابوورییە.»



# ئاستی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی هەژارییەوە زیادیان کردووە

بەهۆی هەژاریی لەڕادەبەدەر و برسییەتیی زاڵ کراو بەسەر خەڵکی ئێراندا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاستی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەرە دەستێنن.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژ، ٣ کەس لە شاری سەرپێڵی زەهاو، هێرش دەبەنە سەر دوکانێکی زێڕینگەری و پاش تاڵان کردنی زێڕینگەرییەکە، بە چەکی گەرم کەسێک دەکوژن کە بەتەما بووە پێش بە دزییەکەیان بگرێت و دواتر، ڕادەکەن.

بەپێی دوایین ئامارە فەرمییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لانیکەم ١٥ میلیۆن کەس لە ئێراندا بەهۆی هەژاریی و بێدەرەتانیی ماڵییەوە، لە پەراوێزی شارەکاندا دەژین، کە وەک کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی بواری دەروون ناسی دەڵێن، ئەم شوێنانە باشترین بەستێنی سەرهەڵدانی لادان و کێشە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە. هەر لەمبارەوە عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم، ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژ بە هەواڵدەریی تەسنیمی وتووە؛ ١٨ میلیۆن کەس لە ئێراندا لەگەڵ پرسی «خەسارە کۆمەڵایەتییەکان» دەستەویەخەن.

ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامیش، لە دواڕاپۆرتی خۆیدا لەمەڕ ڕێژەی هەژاری لە ئێران، بڵاوی کردەوە؛ لانیکەم ٣٠٪ی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ ئامارێک کە وەک حسەین ڕاغفەر، ئابووریناس و لێکۆڵەر دەڵێ؛ دوورە لە ڕاستییەوە و ڕێژەی هەژاری لە ئێران، گەلێک لەوە زیاترە و بگرە نیزیک لە ٥٠٪ە.

هاوکات هەروەک بەشی کۆمەڵایەتیی هێزی دادوەری ئاشکرای کردووە، «توندوتیژی»، دووهەمین پلەی لە نێو تاوانەکان لە ئێراندا هەیە، کە وەک دوکتور عەباس ئێلاەیاری سەرۆکی ڕێکخراوی دەروون ناسیی ئێران دەڵێ: «بەشی هەرەزۆری توندوتیژییەکانی خەڵکی ئێران، لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان دێتە ئاراوە کە بریتییە لە ٩٠٪.»



# ٨٠٪ی خەڵکی ئێران توانای سەردانی دوکتوری ددانیان نیە



لە نێوان سەدی ١٠تا ٢٠ی تێچووی دوکتوری ددان، پەیوەندیی بە ماددەی سەرەکی پزیشکیی ددانەوە هەیە، بەڵام بەهۆی تێچووی زۆر و کەم داهاتییەوە، سەدی ٨٠ی خەڵکی ئێران توانای سەردانی دوکتوری ددانیان نیە.

بەپێ هەواڵە بڵاوکراوەکان، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە کە؛ «ددان پزیشکی لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، تێچوویەکی دیاری کراوی هەیە، بەڵام بابەتی سەرەکی لەم بوارەدا ڕاهێنانی خەڵکە بۆ پێشگیری لە کێشەکانی تایبەت بە ددان.»

«ئیرەج حەریرچی» هەروەها ڕایگەیاند کە؛ «تێچووی ددان پزیشکی لە ئێراندا، زۆر زیاتر لە گیرفانی بنەماڵە ئێرانییەکانە و ئەم تێچووانەش، ٤قات زۆرتر لەو تێچووەی کە بنەماڵە ئیرانییەکان بۆ دوکتوری گشتی و دوکتورە پسپۆڕەکانی دیکە تەرخانی دەکەن.»

هەروەها ئاماژەی کرد کە؛ «بیمەکان بەشێکی گرینگ لەم کارەیان بەئەستۆ گرتووە و سەدی ٩٧ی بازاڕی پێداویستیی ددانپزیشکەکان، لەئەستۆی بەشی تایبەت و خسوسیی وڵاتدایە.»

# ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانێک بۆ خەساری کۆمەڵایەتیی درێژخایەن

چەکۆ ئەحمەدی

کاتێک چاو لە مێژوو دەکرێ، گەلێک ڕووداوی تاڵ و خوێناوی لە مێژوودا بەرچاو دەکەوێ، کە بووەتە هۆی خەساری قورسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە لەم نێوەدا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان زیاتر لەوانی دیکە لەسەر کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی هەیە و کاریگەرییەکانی درێژخایەنتر بووە. کاتێک باس لە هێرشی ئیمپراتوورییەکان بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە دەکرێ، کاتێک باس لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی دەکرێ، کاتێک باس لە هۆلۆکاست و قڕکردنی میلیۆنان جوولەکە بەدەستی نازییەکانی ئاڵمان، یان کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان بەدەستی تورکی عوسمانی، و کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن بەعسی عێراقەوە دەکرێ، تەنیا خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە زەقی خۆ دەنوێنن و لە پلەی دووهەمدایە کە پرسی سیاسی بەئەژمار دێت. بۆیە دەکرێ بگوترێ کوشتوبڕی هەر نەتەوەیەک، و بەدەستی هەر دەسەڵاتدارێک و بە هەر بیانوویەک بێ، پێش لە هەموو شتێک بە ئامانجی دانانی تۆوی خەمۆکی و بێهیوایی لە ناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا و نەوەکانی داهاتووی ئەو نەتەوانەدایە.

ئەگەر چاوێک بە ڕووداوەکانی پاش ئەو کردەوە خوێناوییانەی نازییەکانی ئاڵمان و تورک و بەعسدا بگێڕین، پاش ئەو هەموو ساڵانە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، کاتێک مرۆڤێکی ئەم سەردەمە بە ئاستەم بیری لێ بکاتەوە، لە ناخەوە هەست بە ئازار دەکات و دەبێتە بەشێک لەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانیی هزری نەخۆش و هۆڤانەی چەند سەرکردەی دەسەڵاتدار و سەرهەڵدانی حاڵەتی ئاوا لە تاکی مرۆڤدا، دەبێتە هۆی جۆرێک لە خەمۆکی و نەخۆشیی دەروونی، و ئەمەش دەبێتە هۆی دیسانەوە سەرهەڵدانەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی پاش ئەو ڕووداوە خوێناوییانە.

کاتێک نەتەوەکانی ئێران لە ١٩٧٩دا، شۆڕشێکی مەزنی جەماوەرییان وەڕێ خست و دژی دەسەڵاتێکی گەندەڵی پاشایەتی و دیکتاتۆر ڕاپەڕین، لەڕاستیدا تەنیا لە نێو بەشێکی بچووک لەو کەسایەتییانەدا توانای بیرکردنەوە لە داهاتوو، و وێنا کردنی ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو ڕێژیمە، بەدی دەکرا. ڕێبەرانی کورد و پێش لە هەموویان دوکتور قاسملوو، بە باشی دەیانزانی کە ئەگەر دەسەڵاتی پاشایەتی وەلا دەنێن، لەبەرانبەردا، چ شێوازە دەسەڵاتێکیان دەوێ. بەڵام مخابن لە ناوەندا و لەنێو نزیک بە هەموو سەرکردە سیاسییە سەرانسەرییەکاندا، بیرکردنەوە لە پاشی ڕێژیمی پاشایەتی وەک تراویلکە وابوو و تەنیا شتێک کە بیری لێ نەکرابووەوە، ئاڵترناتیڤ بوو، بۆیە لە ناکاو وێنەی خومەینی لەنێو مانگی چواردەدا دەرکەوت و لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە چەپ و ڕاستەوە چوونە ژێر فەرمانی نوێنەری خودا، واتا خومەینی. لە بەرانبەردا، نەتەوەی کورد لە کوردستان نەچووە ژێر ڕکێفی هێژموونییەک کە بە خومەینی درابوو، و لەسەر داوا ڕەواکانی سوورتر لە هەمیشە لەبەرانبەر دەسەڵاتدارانی ناوەندا ڕاوەستا.

خومەینی بۆ سەپاندنی ئەو دەسەڵات و هێژموونییەی پێشکەشی کرابوو، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، فەرمانی جیهاد دژی نەتەوەی کوردی ڕاگەیاند. شارەزایانی ئایینی ئیسلام دەزانن کە جیهاد لەلایەن موسڵمانانەوە دژی ناموسڵمان دەدرێ، و بە پێی شەریعەتی ئیسلام لە ئاوا حاڵەتێکدا خوێنی ئەو کەسانەی فەرمانی جیهادیان لەسەر دەدرێ حەڵاڵە، و لەوە گرنگتریش ئەوەیە کە، ئەو فەرمانە و کوشتنی ئەو بەرفەرمانانە وەک ئەرکێکی ئایینی لەسەر هەموو موسڵمانێک فەرز دەبێ.

فەرمانی جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد بەڕێوە چوو، و هەزاران ڕۆڵەی بێتاوانی کورد بوونە قوربانیی تینویەتیی نوێنەرانی دەستکردی خودا بە خوێنی مرۆڤ، و شەهید کران. کۆمەڵێکی زۆر لە ژن و منداڵی نەتەوەی کورد، هاوسەر و بابیان لەدەست دا و بێدەرەتانیی ئابووری و ماڵوێرانی و ونبوونی لەناکاوی سۆزی هاوسەر و باب بەرۆکی گرتن. خەم و پەژارەیەکی تاقەتپڕووکێن باڵی بەسەر وڵاتی کوردانددا کێشا، قوربانیانی ئەو جینایەتەی خومەینی و ڕێژیمەکەی، لەناکاو خۆیان لە دۆخێکدا دەدیتەوە کە پێشتر نموونەی لەوچەشنەیان لە چیرۆکیشدا نەبیستبوو. زۆرینەی تاکەکانی کورد بڕوامەند بە ئایینی ئیسلام بوون، بەڵام لەناکاو هەم ئایینەکەیان لێ ئەستێندرابووەوە و بە کافر ناودێر کرابوون، هەم ڕۆڵەکانیان ببوونە قوربانی و شەهید کرابوون. هەموو ئەمانە دەستیان بە دەستی یەکەوە دا، تاکوو بارودۆخێکی نالەباری ژیان باڵ بەسەر وڵاتێکدا بکێشێ کە تاکە تاوانی داواکردنی مافی سەرەتایی مرۆیی خۆی بوو.

فەرمانی جیهادی خومەینی لەسەر کورد، دەسپێکی شەڕێکی خوێناوی بوو، و بە هەزاران مرۆڤی بێتاوان لە نێو کورد و بە دەیان هەزار مرۆڤی ساویلکە و هەڵخڵەتاو لە ڕیزەکانی ڕێژیمدا، بوونە قوربانیی ویست و ئیرادەی تاقمێکی بێبەری لە هەست و ئاوەزی مرۆیی. ئەو ڕەوایی دان بە کوشتنی کوردە لە لایەن خومەینییەوە، بووە هۆی پەروەردە بوونی کۆمەڵێک خوێنڕێژی هەوسار پچڕاوی وەک خەڵخاڵی و پاسدارەکان کە لە زێدی خۆیانەوە بە مەبەستی کوشتنی کوردی کافر، وەڕێ دەکەوتن. ئەو کەسانەی لە کوردستاندا دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور بوو، و بەو شێوازە خۆشخزمەتیی خۆیان بۆ دەسەڵاتداران سەلماند، پاشتر چوونە سەر کورسیی دەسەڵات و تا هەنووکەش هەر لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵات و بڕیارداندان، و ئەو خوێنڕێژانەن کە وڵات بەڕێوە دەبەن. پرسیار لێرەدایە: گەلۆ کەسانێک کە بە ڕشتنی خوێنی مرۆڤ دەستیان بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردبێ، دەتوانن لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا سەرکەوتوو بن، و نەوەیەکی سەرکەوتوو و ئەکتیڤ پەروەردە بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چاوخشاندنێک بە ڕێژەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی، کردەوەی بەلاڕێدابەرانە، هەژاری، بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، و ئاستی تەناهیی کۆمەڵایەتی و زۆر بابەتی دیکە، بە ڕوونی دەردەکەوێ و بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەسپێکی شەڕ و فەرمانی جیهادی خومەینی و سڕینەوە و کوشتوبڕی جیابیران، و دەسەڵات بەدەستیی بکوژان چ ئاکامێکی بەدواوە بووە.

**کەسانێک کە بە ڕشتنی خوێنی مرۆڤ دەستیان بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردبێ، دەتوانن لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا سەرکەوتوو بن، و نەوەیەکی سەرکەوتوو و ئەکتیڤ پەروەردە بکەن**

وڵاتی ئێران بە هۆی ئەو سیاسەتەی بەرانبەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەپێشی گرتووە، کە پاکتاو و سڕینەوەی نەتەوەکان و جیابیران ئامانجی سەرەکییەتی، بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا؛ ئەو وڵاتەی تا ئاستی مایەپووچبوون لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری گەیاندووە و قەیران لە هەموو بوارەکاندا لەم وڵاتەدا هێڵی سووری تێپەڕ کردووە.

ئابراهام مازلوو بیرمەندی ئامریکایی، کۆمەڵێک پێویستیی سەرەتایی بۆ ژیانی هەر تاکێک کە بتوانێ ژیانی سەرەتایی بەڕێوە ببات، دەستنیشان کردووە، و پێداگرە لەسەر ئەوەی کە ئەم خاڵانە سەرەتاییترین و پێویستترینن بۆ ژیان کردن، کە گرنگترینیان خۆراک و شوێنێک بۆ حەوانەوەی سەرەتایی، هەست کردن بە تەناهیی و ڕێز لێ گیران و بنەماڵە و...، ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئێراندا کۆمەڵێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدان، و بۆ بەدەستهێنانی بژیوی ژیان و لە دابینکردنی سەرپەنا و خۆراکدا، لەگەڵ کێشە و گرفتی قووڵ بەرەوڕوون. تەناهیی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەودا وەک خەون و خەیاڵی لێهاتووە، و تەنانەت لە نێو بنەماڵەشدا هەست بە تەناهیی ڕێژەییش ناکرێ و بەردەوام مەترسیی دەستدرێژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە مێشکی دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا دەسووڕێتەوە و ترس لە داهاتووی ناڕوون، بەرۆکی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا گرتووە. ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کورتیش لە ئێراندا ژیانیان بەسەر بردبێ، بە ڕوونی دەزانن کە دۆخێکی وا بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، کە ڕێز لێ گیران و ڕێز دانان بۆ مرۆڤەکان لە لایەن دەسەڵاتداران و ئەو سیستەمەی بەڕێوەی دەبەن، لەڕاستیدا بووەتە خولیا و بە پێچەوانەی هەموو جیهانی پێشکەوتوو، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەموو کەس بە تاوانبار و جێی گومان سەیر دەکرێ، مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەی بسەلمێنێ. کەواتە بەگشتی ڕێزگرتن و ڕێز لێنانیش وەک بابەتەکانی دیکە نوقسانە. بنەماڵە و کۆڕی بنەماڵە، یەکێک لە گرنگترین پێداویستییەکانی مرۆڤە و ڕەگەز و ئایین و جۆری بیرکردنەوە، هیچ جیاوازییەکی نیە و هەموو تاکێکی مرۆڤ تەنانەت لە هەر تەمەنێکیشدا بێ، پێویستی بە بنەماڵەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتییەوە، بە هەزاران شێوە بناغەی بنەماڵەکانی لێک پژاند، و لەگەڵ هەڵوەشانەوە بەرەوڕووی کردن. کوشتن و ئیعدام، زاڵ کردنی هزری پیاوسالاریی هەوسارپچڕاو، پەرەگرتنی دیاردەی دزێو بە هۆی پێڕەو کردنی سیاسەتی هەڵە، بەرز بوونەوەی ڕێژەی کوشتنی نامووسی و ئایینی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق بە دەیان هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆر فاکتی دیکە، بەشێکن لە هۆکارەکانی لەدەستچوونی کۆڕی بنەماڵە بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران.

هەموو ئەوانەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا، هەرکامەو بە شێوازێک، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جینایەتەکانی ئێرانەوە هەیە، و ئەگەر خوێندنەوەی وردتری بۆ بکرێ، بێگومان لایەنی شاراوەی زۆرتری هەیە. لەوانەیە بەشی هەرەزۆری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵانی داهاتوودا بەرچاو بکەوێ و ئاشکرا بن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوونە، وڵاتی ئێران لەژێر کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆر و فاشیستەدا، ڕوو لە داڕمان و مایەپووچ بوونی هەمەلایەنەیە، و لەم نێوەدا ئەرکی چالاکان و وڵاتپارێزانی کورد بۆ پاراستنی بەشە نیشتمانی خۆمان لەو قەیران و داڕمانە، گەلێک گرنگە و چالاکانی کۆمەڵایەتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ بە هەستیارییەوە بەرنگاری سیاسەتی دژە نەتەوەیی ڕێژیمی ئێران ببنەوە.










## له تێکهەڵچوونەکانی پارێزگای کرماشاندا ٨ کەس له هێزەکانی حکوومەت کوژراون



بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە حاڵێکدا کە سەرچاوە حکوومەتییەکان باس لە کوژرانی چەندین چەکداری بەستراوە بە گرووپە ئیسلامگەراکان (داعش)، لە پاش دوو تێکهەڵچوون دەکەن، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەواڵدەریی کوردپای ڕاگەیاندووە کە؛ لەم تێکهەڵچوونانەدا، ٨ کەس لە هێزەکانی حکوومەتیش کوژراون، بەڵام سەرچاوە هەواڵدەرییەکانی سەر بە حکوومەت، ئامادە نین باسی لێوە بکەن.

بەپێی ئەم هەواڵە، شوناسی کوژراوەکانی حکوومەت ئاشکرایە و بەشێکن لە پێرسۆنێلی هێزی «ناجا» لە کرماشان.

هەر لەم پێوەندییەدا و لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا، سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاند؛ چەکدارە کوژراوەکانی کرماشان، کۆمەڵێک زیندانی بوون کە لە سێناریۆیەکی لەپێشدا داڕێژراو، ئەوانیان لە ماڵێکدا حەشار داوە و پێیان وتوون کە مانۆڕێک دەدەین و دواتر ئازاد دەکرێن، بەڵام لە ڕەوتی مانۆڕەکەدا، بەڕاستی دەیانکوژن، تاکوو بەم شێوەیە دەرەتانی سەرکوتی زیاتر و سازکردنی دۆخی ترس و تۆقاندن بۆ خۆیان بخوڵقێنن و وا بنوێنن کە مەترسیی شەڕی شێعە و سوننی بوونی هەیە.

هەروەها هەواڵدەرییەکانی حکوومەت، کۆمەڵێک وێنەیان بڵاو کردۆتەوە کە گوایە وێنەی کوژراوەکانی ئەم تێکهەڵچوونانەیە، بەڵام ئەم وێنانە پێشتریش لە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٥/٢٦، لە ماڵپەڕی «هەواڵدەریی کۆماری ئیسلامی» لە ژێرناوی کوژراوانی داعش، لە تێکهەڵچوونێک لە لوبنان بڵاو کرابوویەوە .

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، و بەتایبەت پاش هاتنە ئارای تێکهەڵچوونی نێوان پێشمەرگەکانی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند شوێنی کوردستان، لێپرسراوان و ناوەندە قەزایی و ئەمنیەتییەکانی حکوومەت، دەستیان داوەتە دەستبەسەرکردنی بەربڵاو، و بەردەوام هەواڵی پێوەندیدار بە ئەگەری شەڕی فیرقەیی و مەزهەبی لە کوردستان بڵاو دەکەنەوە.

هەندێک لە چالاکانی سیاسیی کورد، ئەمە بە سیاسەتێک بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکانی کوردستان و حاشاکردن لە گرینگیی پرسی نەتەوەیی لە ئێران و کوردستان لەقەڵەم دەدەن.

## لەوەڕگەکانی شاری کەنگاوەر لە ئاگردا سووتان



فەرماندارى کەنگاوەر ڕایگەیاند کە؛ «٣٠٠ تاکوو ٥٠٠ هێکتار لە لەوەڕگەکانی دەوروبەری گوندی سەرمەست و بزاو، لە ئاگردا سووتان.»

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی کوردپا، «شەریف خۆسرەوی»، لە وتوویژێک لەگەڵ هەواڵنێریی تەسنیمدا ڕایگەیاندووە کە؛ «سەرلەبەیانیی ئەوڕۆ لە دارستانەکان و لەوەڕگەکانی ناوچەی «بزاو» و گوندی «سەرمەست و تالان»، سەر بە شاری «کەنگاوەر»، ئاگریان تێبەربووە و ئێستاش خەڵک لە شار و گوندەوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەرەو سەرمەست دەچن.»

خۆسرەوی هەروەها وتی؛ «ئیکیپی یارمەتیدەر بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە، لە شارەکانی «سونقور و کلیایی»، «هەرسین و سەحنە» چوونەتە شاری «کەنگاوەر»، و تاکوو ئێستا نزیک بە ٥٠٠ هێکتار لە لەوەڕگەکانی ئەم ناوچەیە لە ئاگردا سووتاون.»

# ئاسمیلاسیۆنیش لە کورتی دەدات

ساروج

کرماشان ناسراو بە گەورەترین شاری کوردستان، پتر لە ٩٧٪ی پێکهاتەکەی، کوردە.

شارێک کە تەنیا لە ناوەندەکەیدا هێندێك نەتەوەی غەیری کورد، جێگیر بوون و لە هیچکام لە شارەکانی دیکەی پارێزگای کرماشان، جگە لە سۆنقوڕ، غەیرە کوردی تێدا نییە. کورد بە شێوە زاری جۆراوجۆر، جل و بەرگ، کولتوور و داب و نەریتی کوردی، باوەڕ و تەنانەت ئایینی کوردی!

ئەگەر بە وردی سەرنجی مێژووی کرماشان بدەین، نزیک بە ١٧٠ ساڵ لەمەوپێش، لەم ناوچەدا کەس فارسیی نەدەزانی، تەنانەت ئایین و کولتووریشیان کوردی (یاری) بوو، بەڵام لەڕێی میوانداری، بازاڕ، هەوڵی تێکدانی شوناسی ئەم شارە کوردییە دەکەوێتە گەڕ و بە هەموو شێوازێك پرۆسەی پاکتاوی شوناسی و ژیاری کوردیی یەکێك لە شارە گرینگەکانی کورد دەبەنە پێشەوە. ڕەزا شای میر پێنج، داڕێژەری دروشمی کۆپی کراوی یەک وڵات-یەک نەتەوە—یەک زمان و یەک ئاڵا، و ... لە هەموو شار و ناوەندەکانی ژیانی نەتەوەکانی ناو ئێران، هەوڵی چەسپاندنی ئەم دروشمە بە شێوەی مۆدێرن بە مەرکەزیەتی قەومی فارس، بە زمانی فارسی و بە پلان و پرۆژەی بەهێزی پان ئێرانیستی، کرماشانیشی بێبەش نەکرد. هەروەها حەمە ڕەزاشای کوڕیشی، لە درێژەدانی پرۆژەکەی باوکی، بە شێوەیەکی بەربڵاو، دروشمی ئاریایی-ئێرانی، شانازییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ٢٥٠٠ ساڵ و جێژن و بۆنە نەتەوەییەکان، گەورە کردنی فرۆشانی ئاگا و نائاگا، شارەزا و کەم شارەزا، هەریەکەو کێبڕکێیان لەسەر خۆ نزیک کردنەوە لە مەرکەز، و فەرهەنگی مەرکەز، بە میحوەریەتی قەومی فارس، نوسین و هونەر، شێعر و تەنانەت گۆرانییەکانیشیان لە کورد بوون و مێژووی ٨٠٠ ساڵەی زمان و ئەدەبی گۆران و کوردی بوون، دوور خستەوە و خۆیان بە باڵای ناشرین و داگیرکەر و غەوارەی فارسدا هەڵواسی. میوانەکان لە کرماشان، بۆ کاروانچییەتی،—چەرچییەتی، کفن فرۆشتن وکڕین و فرۆشتن و... هاتبوون کەچی زمان، فەرهەنگ و هەموو هەست و نەستی تاک و کۆمەڵی کرماشانیان کڕی و بەهێزترین فەرهەنگی غەوارە، کە کۆپی کراوی سیستمی فاشیستی-کەماڵیستی بوو، لەلایەن ڕەزاشای نەخوێندەوارەوە، وەک هەموو زێد و واری نەتەوەکانی غەیری فارس، تۆکمەتر لە ڕێژیمی پێشوو، ناخی کوردبوون و شوناس، کولتوور و نەریتی کوردەواریی هەژاند و وەک تاوان و خاڵێکی ڕەش، لە ناو چاوی قەڵەم بەدەستانی ڕۆشنبیری سەر بە ڕێژیم، خۆ نەناس و کۆیلەی ناوەند و فارس، بە هەموو چەشنە باوەڕییەکی چەپی یان خۆ ئیسلامییەوە (کۆمۆنیست، جیبهەی میللی، پان ئێرانیستی، شاخواز و ملی\مەزهەبی، ئیسلامی و ...)بە درێژایی چەندین قۆناخ، بە پشتیوانیی ئەم «دەزگا فەرهەنگی\ دەوڵەتی» یە، وەک هەموو پرۆگرامی خوێندن، نووسین، گوتارەکانی بەرەو فارسیزمە کردنی دەڤەرێک، هەر لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا هەموو خوێندەنگە و ناوەندەکانی خوێندن و نووسین بە فارسی، و بەفەرمی ناساندن و پەرە پێدانی زمانی ناتەواوی فارسی، دەست لە ناو دەستی میوانە دووڕووەکان و بە ڕواڵەت خۆش




هەناردەی ناوەندی، زەوار و کاروانی بازرگانی و مێوانخانەی ڕێبوارانی ڕوو لە شارە ئایینییەکانی عێراق، کە شیعەنشین و سەربە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە بوون. ئەم مێوانانە کە زیاتر لە ئەراک، ئیسفەهان، کاشان، یەزد، شیراز و شارەکانی دیکەوە دەهاتن، بە هۆی بازرگانی و زیارەت کردنەوە لەم شارەدا دەمانەوە. هەڵسوکەوتی باش و ڕێزگرتنی زۆری خەڵکی کرماشان لە میوانان و بازرگانانی دەرەکی، بووە هۆی نیشتەجێ بوونی کۆمەڵێك لەو کەسانە و ئەمە تا ئاستێك پەرەی سەند، کە ببنە خانەخوێ و خاوەنماڵ.

بە هۆی ئاستی نزمی خوێندەواری، پیشەی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، دوور بوون لە کاری سیستماتیک و ئیداری، ناشارەزایی لە کار و باری بازاڕ و بازرگانی، بەگشتی دۆخێکی وای لەو شارەدا پێکهێنابوو، کە باڵادەستی لە کرماشان و لە بوارەکانی ئیداری، ناوەندەکانی کڕین و فرۆشتن، کاروان سەرا و هەموو چەشنە هاوردە و هەناردەیەک، بکەوێتە دەست ئەو مێوانانەی کە پتر فارس بوون و لەم شارەدا خەریکی کڕینی زەوی بوون و ببوون بە خاوەن مڵك و خەڵکی ساکاری شاریش، کەم کەم وەک بەردەست و چەشنێک لە کۆیلەیی، کەڵکیان لێ وەردەگیرا، و بابەتە سەرەکییەکانی ژیان لە کرماشان کەوتە دەستی ئەوانەی کە تازە هاتبوونە ئەم شارە.

لەسەردەمی قاجارەوە، بە شێوەیەکی سیستماتیك و پلان بۆداڕێژراو، کوورش و بە درۆ و دزی بە خاوەن کردنی مەنشووری مافی مرۆڤ، و چەواشەی مێژوو و جەعل کردنی ناوی ئێران و ...، بەرزکردنەوەی هەتا ئاستی ناجی بوونی ئەم ئیمپراتۆرییە پیرۆزە، کە ئەوەندە سەدەیە ناوی بە پیرۆزی، سەرکەوتوویی، مافخوازی، فەرهەنگ پەروەری و ... هەیە، نەتیجەکەی بوو بە، لەناوچوونی هەموو چەشنە پێناسەیەکی غەیری فارسی، وەک زمان، فەرهەنگ، هونەر و چاند، مێژوو و تەنانەت ڕواڵەتی تاکی کوردیش لە کرماشان هەتا ئاستی گۆڕان و نەمان ڕۆیشت.

وای لێهات کوردی قسە کردن ببووە شەرم و فارسی ئاخاوتن کلاس بوو، جلوبەرگی کوردی تەنها بۆ لادێیی و کۆت و شەڵوار، کراوات و کڵاو شەپقەش بوو بە مۆد و کلاس، و هونەری نواندن و هێمای شانشینی و کۆپی کردنی ژیان بە ڕواڵەتی مەرکەز نشینێکی وەك باکووری تاران، بەڵام لە ناخەوە پووچ، بێبنەما و سەرلێشێواو، لە نەبوونی شۆناسی خۆی، وونبوو لە شۆناسیکدا، کە غەوارەیە، بە زۆرەملێ و تەنانەت لای زۆرکەس لەسەر ویست و ئیرادەی خۆی، ئەم پرستیژ و کلاسە، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی ئەستاند و کاتێك ڕێژیمی کۆماری سێدارەش هاتە سەرکار، لەم هەموو ساڵەدا ڕۆڵی بەرزی کۆمۆنیست، جبهەی میللی، ڕۆشنبیری کوردی فارسیزم و لە خزمەتی فارسدا، بوون بە مۆڵگەی پان ئێرانیستی و قەڵەم هەناردەی دەڤەری کرماشانیش کرا، و ئەمەش وای لێکرد کە کرماشان ببێت بە یەکێک لە مۆڵگەکانی پان ئێرانیستی و تۆو و ئاوی ناپاکی ئاسمیلە بوون و لەخۆ دوور خستنەوەی تاکی کوردی، و ون و وەیلان کردنی لە فەرهەنگی مەرکەزگەرای تازە لەدایکبووی فارس، و هەروەها زمانی دەستکردی فارسیی کرمانشاهی (زمانی کوچە و بازاڕ)!! وای کرد، کە چیتر کوردی قسە کردن لە بازاڕ و ئیدارات و تەنانەت لە زۆربەی ماڵەکانیش عەیب و عار بێت.

لێرەدا لە ڕێگای ڕاگەیاندن، هونەر و ... بە مەرکەزیەتی دام و دەزگای فەرهەنگیی سەر بە ڕێژیم، شەڕیکی سپی و هەمەلایەنەی نەتەوەیی \ دینی لە کرماشان کرا، و چوون باوەڕی ئایینیی کرماشان کە شیعەیە، هاوشێوەی ئایینی مێوانە هاوردەکان بوو، کرایە کاروانسەرا و ناوەندی ڕێکلامی شیعەگەری. تەنانەت زۆرجاریش، هەتاکوو ئێستا سوێند خواردنی یارستانییەکانی ناوچەی کرماشان کە بە هەقیقەت دوورن لە باوەڕی ئیسلام، هەر سوێند خواردن بە کەسایەتییەکانی بەرزی شیعەیە.

ئاسمیلاسیۆنێکی بەرفەراوان، لە سێ قۆناغی دام ودەزگای فەرهەنگی—دەوڵەتیی ڕێژیمی پاشایەتی و ئایینی، بەرەو فارسیزمە کردنی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران، بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بە بێ دریغ کردن، مەرام نرا، و ئەم کەسانەش سینە سپەری بەڵای ئاسمیلاسیون بوون، هەتا بنەما و پێشینەی کرماشانیان تێکدا، و بەرەو ڕووخان و نەمانیان برد. ئەوەش بە نرخی لەنێو بردن و لە پراوێز خستنی زمان، فەرهەنگ و...غەیری فارس و بچووک و کەم ڕەنگ کردنەوە و ڕووخانی هەیبەت و دەوڵەمەندیی هەست و نەستی غەیری فارس، و جێگیر کردنەوی هەموو چاند و فەرهەنگی دزراوی فارس، و سەپاندنی زۆرەملێی ئەم داب و نەریتە، لەسەر خەڵک بەگشتی پەرەی ئەستاند هەتا ئێستا،

کەچی ئەمڕۆ بەخۆشیەوە، بە شێوەی خۆڕسک، شارەزای—شوناس و خۆبینینەوەی تاک و زۆرینەی مرۆڤە بەهەستەکانی ئەم دەڤەرە، و هەروەها بەگشتی بەهێز بوونی ئاستی هزر و بیری نەتەوەیی لەم ناوچەیە، خەریکی وەڵامدانەوە و شەڕی نەهێشتنی ئەم تاوانەن و بەرپەرچی ئاسمیلاسیۆنی هەمەڕەنگی کەلانشاری کوردستان دەدەنەوە، کە سیستمی دەسەڵات پتر لە یەک سەدەیە زۆر بەها و هەزینەی گرانی بۆ داوە، و دەبینین کە سەرکەوتنەکەی لە ئاستی هەزینەکەی نیە، و ڕۆژ بە ڕۆژ، ئەم ئاسمیلاسیۆنە ڕەنگاوڕەنگە کە خەون، بەرنامە و پیلانی تۆکمەی ڕێژیمی ناوەندگەرای یەک لە دوای یەکی ئێران و بیری تەسکی یەک نەتەوەیی، وەک ئاسمیلاسیۆنیش لە کرماشانی ناوچەی هەمیشە کوردی، لە کورتی و نزمی دەدا.

# حەشدیش هەڕەشە دەکا؛ بۆ وامان لێ هاتووە؟

عەلی مونەزەمی



باشووری وڵاتەکەمان چەند ساڵێک لەدوای ڕاپەرینەوە، تا ساڵی ٢٠١٣، و پێش ئەوەی کە لە لایەن کاربەدەستانی بەغدا لەلایەک، و داعش لەلایەکی دیکەوە، بکەوێتە بەر هەڕەشە و هێرشی چەکدارانە، و گەمارۆی سیاسی و ئابووری، توانیبووی ڕێگایەکی دوور و درێژ لە بەرەوپێشبردنی وڵاتدا ببڕێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، پێشکەوتنی باشووری کوردستان گەیشتە ئاستێک کە هەولێر لەگەڵ دوبەی ببووە ڕکابەر، بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی.

بۆ پێشگرتن لەو بەرەوپێشچوونە خێرایەی باشووری کوردستان، دوژمنانی گەلی کورد هاوئاهەنگ و یەکدەنگ، دژی حکوومەت و گەلی کورد لە باشوور و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان، بە شێوەی بەربڵاو چالاکییەکانیان وەگەڕ خست و بۆ سەرخستنی پیلانە نامرۆییەکانیان و بۆ لەبار بردنی تەبایی و یەکیەتیی ڕیزەکانی گەلەکەمان، لە نێوان پارت و لایەنە کوردییەکاندا کەوتنە دووبەرەکی ساز کردن. دوژمنانمان لە هیچکات و ساتێکدا چاویان بە سەرکەوتنی نەتەوەی کورددا هەڵنایە و قەت نەیانویستووە ببین کە دەسەڵاتدارانی ئێمە لە باشوور بە ڕزگاربوونی ئەو پارچەیەی کوردستان، و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی لە سیستمێکی دێموکراتیکدا، و بەدەستەوەگرتنی توانای بەڕێوەبەریی سەرچاوەی مەزنی سامانی سرووشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا، نەك لە هەنگاونان بەرەو ئاسۆی سەرکەوتنی یەکجارەکی شل ناکەن، بەڵکو لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە پێداگرتر و سوورتر دەبن. هەر ئەو دەسەڵاتەی کە لەدوای سەرهەڵدانی داعش بوو بە هێزی بەزێنەری تیرۆریستان و یەکمین هێزی چەکداریی خۆراگر، بۆ پارێزگاری لە بەها ئینسانییەکان لە بەرانبەر دێوەزمەی تیرۆریستانی داعشدا کرد، و بووە هۆی هەراسان کردنی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە.

بەهێزبوون و پێشکەوتنی کوردستان لە هەر بوارێکدا، دەبێتە هۆی نیگەرانیی و دژایەتیی وڵاتانی داگیرکەر و ئەوان ئەو پێشکەوتنانە بە هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دەزانن و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆ لەباربردنیان تێدەکۆشن. دژایەتیی ئەوان بە شێوازی هەڕەشەی زارەکیی کاربەدەستانی باڵای ئەم وڵاتانە و ئاخافتنیان بە زمانی چەک، هەڕەشە بە ئیما و ئیشارە وەک نیشاندانی چەکداری و هەڕەشەی ئابووری و ...هتد، بە پیلان و پلانی جۆراوجۆری کورتخایەن و درێژخایەن خۆیان دەنوێنن.

> **دوژمنانمان زۆر باش کار دەکەن لەسەر ناکۆکییەکانمان و لایەنەکان وەک کارتی فشار لە بەرانبەر یەکتردا بەکار دێنن، و لاوازترمان دەکەن، تاکوو بتوان ئیمتیازی زیاترمان لێوەرگرن**

ئاشکرایە کە ماوەیەک پێش لە سەرهەڵدانی داعش، سوپای دیجلە بە فیتی کاربەدەستانی بەغدا و تاران هەڕەشەی لە کورد دەکرد. ئێستاش باس لەوە دەکرێ کە حەشدی شەعبی پیلانی هەیە هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان. هەڕەشەی سوپای دیجلە بۆ پێشگرتن بە گەڕانەوەی کەرکووک بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، و هەڕەشەی حەشدی شەعبیش بۆ لەبار بردنی هیوای سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی نەتەوەییە لەو بەشەی کوردستاندا.

ناوەڕۆکی هەردووی ئەم هەڕەشانە دەریدەخات کە؛ ئەوانە هەڕەشەی ساکار نین. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دوژمنانمان بەردەوام هەموو پارچەیەکی کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ستراتێژیک سەیر دەکەن، و بۆ زەربە لێدان لە کوردیش پیلانی ستراتێژیک دادەڕێژین و هەر کاتێکیش توانایان هەبووبێ، ئەو پیلانانەیان جێبەجێ کردووە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئاخۆ حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان، بۆ پاراستنی خۆی چ دەتوانێ بکا، و بۆ ئەم مەبەستە چی بەدەستەوەیە؟

مەبەست لە پاراستن لێرەدا ئەوەیە کە، حکوومەتی هەرێم بتوانێ ناوچەی دەسەڵاتدارێتیی خۆی و مافی دەسەڵاتداریی خۆی لەو ناوچەیەدا بپارێزێ، و کۆنترۆڵی هەبێ بەسەر خاک یان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە (باشووری کوردستان) بپارێزێ. ئامانجی سەرەکیی ئەم پاراستنە، دابین کردنی تەناهی و بەرزکردنەوەی ئاستی ستانداردی ژیانی هاووڵاتیان و پێشخستن و پاراستنی بازرگانی، پێشگرتن لە تیرۆریزم و دزرانی زانیاریی هەستیاری وڵات و بەگشتی سامانی وڵاتە.

بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بتوانێ بەو ئامانجە بگات، دەبێ تێبکۆشێ ببێتە حکوومەتێکی بەپرستیژ و جێگای ڕێز. بۆیە دەبێ لە یەکم هەنگاودا، هەوڵ بدا لە بواری چەکداری‌دا بەهێز بێ، و پاشان دەرەتانی سەرکەوتن و خۆ بەهێز کردن، لە هەموو بوارەکانی دیکەی وەک زانست و تەکنۆلۆژیا و ...چێ بکات. بە داخەوە لەو ناوچەیەی کوردستان تێیدا هەڵکەوتووە، هزر و بیر و ڕای دێموکراتیک گەشەی نەکردووە و نەتەنیا نەتەوەکان ڕێز لە یەکتر ناگرن، بەڵکوو ئەوانەی لاواز و بێهێزن، دەبنە ئامانجی هێرشی دراوسێکانیان و لەوەشدا کوردستان پشکی شێری بەرکەوتووە، و هەمیشە کوردەکان بوونەتە قوربانیی هێرشی نەتەوەکانی دیکە. بۆیە ژیرانەیە کە حکوومەتی هەرێم هێرشی حەشدی شەعبی بە جیددی بزانێ، و لەکاتی پێویستدا ئامادەیی ئەوەی هەبێ کە بەرگری لە خۆی بکات.

زۆرجار وا دێتە بەرچاو، کە سەرەڕای فیداکاری و گیانبازیی هێزی پێشمەرگە، حکوومەتی هەرێم لە بەرانبەر هێرشی دەرەکیدا، سەربەخۆ لەوەی کە لەلایەن کام یەک لە دوژمنانی گەلەکەمانەوە بێ، لاواز دەردەکەوێ. باشە هۆیەکانی وەها لاوازییەک بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

هەموو نیشانەکان دەرخەری ئەم ڕاستیەن کە؛ ئەم لاوازییانە پێش ئەوەی کە هۆکاری دەرەکیی هەبێ، هۆکاری نێوخۆیی هەیە. نابێ لە بیر بکرێ کە بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی دەرەوە، دەبێ هەم فاکتی دەرەکی و هەم فاکتی نێوخۆیی لەبەرچاو بگیردرێن. دوژمنانمان زۆر باش کار دەکەن لەسەر ناکۆکییەکانمان و لایەنەکان وەک کارتی فشار لە بەرانبەر یەکتردا بەکار دێنن، و لاوازترمان دەکەن، تاکوو بتوان ئیمتیازی زیاترمان لێوەرگرن. لە باشووری کوردستاندا، هێزە سیاسییەکان بەسەر چەندین بەرەی جیاوازدا دابەش بوون و بە دوور لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی، تەنیا لەسەر هێندێک شتی لاوەکی، دۆخێکی بەتەواوی نالەباریان پێکهێناوە، کە دەرەتانی کەڵکوەرگرتنی خراپ دژی نەتەوەکەمانی پێکهێناوە. هەر ئەویە کە بووەتە هۆی ئەوەی حکوومەتی هەرێم دوای ئەو هەمووساڵە نەتوانێ لە بواری دیپلۆماتیکدا ئەوەی کە شایانی حکوومەتێکە، لە خۆی نیشانی بدا. سنووری نێوان چالاکیی دیپلۆماتیکی حیزبەکان و چالاکیی دیپلۆماتیکی حکوومەت، دیار نیە. بۆیە لە ڕاستیدا، چەکی دیپلۆماسی بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، و کاربەدەستانی بەغدادا، زۆر بێکەڵک و لاواز بووە. هەر ئەو ناکۆکییانە بوونەتە هۆی ئەوەی، دوژمنانمان پڕۆپاگەندەی نەرێنی لەسەر دەسەڵاتی کوردی بکەن، و لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژی و چەکداری و... هتددا، کورد لاوازتر بکەن و بۆ کاریگەری دانان یان پاشگەز کردنی حکوومەتی هەرێم لە بڕیار، یان دەسکەوتەکانی، گوشاری بۆ دێنن.

هیوادارم لایەنەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا، و بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەیی، بۆ کۆتایی هێنان بەو هەموو کەموکووڕی و لاوازییانە لەلایەک، و بە جیددی بینینی هەڕەشەکانی دوژمنانمان، لەدەوری یەکتر کۆببنەوە و نەتەوەپەروەرانە و دڵسۆزانە ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە، بۆ دەرباز بوون لەو قۆناغە هەستیارە.

# دیداری ئیبراهیم برۆ لەگەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

کوردستان میدیا: هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە سەر باردۆخی کوردستانی ڕۆژئاوا گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ENKS) بە سەرپەرەستیی «ئیبراهیم برۆ»، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد، و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا، ئیبراهیم برۆ گوتی: ئامانج لەم سەردانەمان ئاگادارکردنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردە لە ڕەوشی دژواری کورد لە ڕۆژئاوا، بەتایبەت پێمان باش بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک هێزێکی وڵاتپارێز و دۆست، لەم بارەوە ئاگادار بکەینەوە.

برۆ هەروەها گوتی؛ «بێگومان ئێوە ئاگادارن کورد بە درێژایی مێژوو، لە سووریە لەلایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوە وەک هەموو بەشەکانی دیکە دەچەوسێتەوە و نکۆڵی لە ماف و داخوازییەکانی دەکرێ. بەتایبەت لەسەردەمی ڕەشی حکوومەتی بەعسی سووریە و سیاسەتی ژینۆسایدی بەشار ئەسەد، تەواوی هاووڵاتیانی سووریەی لەگەڵ دۆخێک ڕووبەڕوو کردووە، کە ئێستا مەزڵومییەتی خەڵکی سووریە و کوردی ڕۆژئاوا بووەتە بەشێک لە ڕاپۆرتی ڕاگەیەنە گشتییەکان و سیاسەتی ئامریکا و ئورووپا، هەروەها شەڕی کورد دژی داعش و بەرئەنگاریی شەڕوانانی کوڕ وکچ لە کۆبانێ و شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ گەلی کورد تۆمار کرد، بەڵام مەخابن سیاسەتی تەک ڕەوانەی PYD و شەڕ فرۆشتنی بە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا، و بێڕێزی کردنیان بە کەسایەتییە خەباتگێڕەکان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژئاوا، و بەتایبەت ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردی لە ڕۆژئاوا نیگەران کردووە، و مەترسییەکی گەورەی لەسەر دوا ڕۆژی پڕۆسەی سیاسی کورد لە ڕۆژئاوا پێک هێناوە. بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا هێرشەکانی ئەرتەشی بەشار ئەسەد لە لایەک و هێرشی تێرۆریستانی داعشیش لە لایەکی دیکەوە، لە شارەکانی حەڵەب و حەسەکە ئەو وەزعەی شپرزەتر کردووە، و خەڵکێکی زۆری ئاوارە کردووە، بۆیە ئێمە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نالەبارە، داوا لە هەموو دۆستان و برایانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەین، بە هانای تێکۆشەرانی ڕۆژئاواوە بێن و گوشار بخەنە سەرPYD و هاوپەیمانانیان دەست لەو سیاسەتە پاوانخوازییانەیان بێنن».

پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، لەسەر ڕەوشی کورد بەگشتی و بەتایبەت خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و خەبات و بەرخۆدانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد و گوتی؛ خەباتی ئێمە لەم ساڵدا هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌دا دەنگدانەوەیەکی باشی بووە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش پشتیوانییەکی بەرچاویان لێ کردووین، و بەپێی ئەو بەرنامەیەی هەمانە درێژە بەو خەباتەمان دەدەین. هیجری لەسەر سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە سووریە و پشتیوانیی هەمە لایەنەی لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی بەشار ئەسەد قسەی کرد و لە باسەکەیدا گوتی؛ ئێمە هەر لە ڕۆژەکانی دەسپێکی ململانێی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا، لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد، نیگەرانی ناهەماهەنگییەکان بووین و ئێستاش هەر وەک ئێوە لە باسەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد، بەداخەوە ڕەوشەکە بەو ئاقارەداڕۆشتووە کە، پرسی کورد هەڕەشەی گەورەی لەسەرە و بە کردەوە، سیاسەتی ناوچەیی پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی کورد دەچێتە پێش، بەتایبەت ئەم وەزعە وای کردووە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بە هاوکاریی هێزەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانیان، هێرش بکەنەوە سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاوارە بوونی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە.

هیجری گوتی؛ ئەزموونی سیاسیی بزووتنەوەی کورد، ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە؛ هەر کاتێک حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد یەکگرتوو بوون، ئیرادەی یەکگرتووییان بەسەر پیلانی نەیاراندا زاڵ بووە، و پێچەوانەکەیشی موسیبەت و کارەساتی ناخۆشی بە دواوە بووە.

مستەفا هیجری لە درێژەی وتەکانی‌دا گوتی؛ هیوادارین حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا، ڕێچکەی یەکیەتی و برایەتی بکەنە ڕێبازی خۆیان وPYD یش سیاسەتێک بگرێتە بەر، کە دۆخەکە بەرەو سەقامگیری بەرێ، ئێمە وەکوو دەفتەری سیاسی، ڕاگەیەندراوێکمان لەو پێوەندییەدا داوە و هەر ئەو داوایەمان کردووە، هەر وەک دەبینن هاوکارییەکانی ڕووسیە و تورکیە و ئێران دەستی پێکردووە، ئەوە ئەو مەترسییەی بەدواوەیە کە کورد بە گشتی لێی نیگەرانە، PYD یا هەر لایەنێکی دیکە لە ڕۆژئاوا، کە خۆی بە بەرپرسیار بزانێ، دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکات کە، یەک لایەنانە ناتوانێ وڵام دەر بێ، ئەو ڕەوشە ئەوەمان لێ دەخوازێ پێکەوە پرۆسەی سیاسیی نەتەوەکەمان درێژە پێ بدەین.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا جارێکی دیکە بەڕێز هیجری، پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە بزووتنەوەی مافخوازی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی و لەسەر پەیوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە جەختی کردەوە.

## ڕەحیم ڕەشیدی:

# سیاسەتی کۆمارییەکان لە ئێستادا، درێژەی سیاسەتەکانی سەرۆک بووشە کە پتر پشتی بە دەستێوەردان بەستبوو

وتوێژ: سەلیم زەنجیری

٥٨ـەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی بەهێزترین وڵاتی دونیا، بۆ دیاری کردنی ٤٥ـەمین سەرکۆمار لە ١٨ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا بەڕێوە دەچێت، و لە ئێستادا دوو بەربژێری بەهێز، بەدوو سیاسەت و تێڕوانینی جیاوازەوە کێبڕکێی یەکتر دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیە کە چ گۆڕانکارییەک بە سەریدا دێت و چ کاریگەرییەک لەسەر نەخشەی سیاسیی ناوچەکە و هاوکێشە سیاسییەکان دادەنێ و بەتایبەتی کورد لە سەرۆکایەتیی کامیەک لەم بەربژێرانەدا سوودمەند دەبێ، و دەگاتە کەناری ئارام. ڕۆژنامەوان ڕەحیم ڕەشیدی لە ئامریکاوە لەمبارەوە زانیاریی زیاترمان پێدەدا کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

**پ: هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئامریکا نزیکە، کام یەک لەو دوو پاڵێوراوە ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە؟ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی هەر یەک لەوان، چ لە سیاسەتی نێوخۆ و چ لە سیاسەتی دەرەوەیاندا کامانەن؟**

و: هێشتا زووە باس لەوە بکەین کامیەک لە بەربژێرەکان دەبنە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا. ٥٨ـەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦ دا، زۆر جیاوازترە لە هەڵبژاردنەکانی دیکە. بۆ یەکەمینجار و پاش ١٠٠ ساڵ کە ژن لەم وڵاتەدا مافی دەنگدانی هەیە، هیلاری کلینتۆن وەکوو ژنێک لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دەپاڵێورێ. هیلاری پتر پشتی بە سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان بەستووە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن. کەچی ڕکەبەرەکەی لە هەمان حیزب، واتە بێری ساندەرس پشتی بە خەڵک بەست بۆ هەمان مەبەست، و ئەوە لایەنگرانی بوون کە هاوکارییان کرد و باشیش چووە پێش. هەر ئەمەش وایکردووە کە حیزبەکە تووشی کێشەی نێوخۆیی ببێتەوە. بەڵام بەگشتی، دێموکراتەکان پتر گرینگی بە چینی هەژار و مامناوەندی و پرسی تەندروستی و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. کۆمارییەکانیش بۆ یەکەمجار کەسێکی دەوڵەمەند و کاسبکار بۆ سەرۆکایەتی دەپاڵێون، کە ئەزموونی سیاسی کەمە و بە هۆی لێدوانەکانی لە هەمبەر پرسی تیرۆر، موسڵمانان و پەنابەران، حیزبەکەی تووشی دووبەرەکییەك کردووە کە بەشێک لە بەربژێرەکانی کۆماری بۆ وێنە جەب بووش و سەناتۆر ڕۆبیۆ و چەند کەسی دیکەش، تاکوو ئێستاش ئامادە نین پشتیوانیی لێ بکەن. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا، بە قازانجی هیلاری کلینتۆنە.سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، ترامپ پێیوایە کە کردەوە و بڕیارەکانی کلینتۆن لە ماوەی ڕابردوودا خراپ بوون، وەکوو بەشداری کردن لە بڕیاری لابردنی سەدام لە عێراق و قەزافی لە لیبی. کەچی بۆخۆشی باس لەوە دەکات کە دەبێ باڵادەستیی ئەمریکا مسۆگەر بکرێتەوە، بەڵام ئەو پتر پشت بە هێزی ئابووری دەبەستێ، تاکوو دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ.

**پ: گەلۆ ٨ ساڵ سەرکۆماریی ئۆباما کە تا ڕادەیەک هەیبەت و پرستیژی ئامریکای لە جیهان دا بردە ژێر پرسیارەوە، بۆ خەڵکی ئامریکا بەڵگەی پێویست نین کە ئەمجارە ڕوو لە کۆماریخوازان بکەن؟**

و: ڕاستی ئەوەیە کە ڕەنگە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر بە دڵی ئێمە نەبێ. بەڵام بەو حاڵەش ئەمریکا جێگەوپێگەی خۆی هەر هەیە و بە باشیش لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا چەکوچۆڵی خۆی فرۆشتووە و ئەوەتا سەرۆکایەتیی ٦٠ وڵاتی جیهان بۆ تێکشکاندنی داعش دەکات. پێویستە کە ئەوە بزانین تەنیا سیاسەتی دەرەوە هۆکار نیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەمریکا بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک بدەن. پرسی ئاسایشی نێوخۆیی و گەشەی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار، ڕۆڵێکی گرنگ و شوێندانەر لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک دەگێڕێ. بەڵام بێگومان، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا، پەرەسەندنی تیرۆر و هێرش بۆسەر ئەمریکا لەنێوخۆ، یان بەرژەوەندییەکانی لە دەرەوە، دەتوانێ ڕاستەوخۆ لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا کاریگەری لەسەر گۆڕینی پێگەی بەربژێرەکان هەبێت.

**پ: کورد و کوردستان لە سیاسەت و ستراتیژیی هەریەک لە پاڵێوراواندا چ پێگە و گرینگییەکی هەیە و کامیان بۆ کورد بەگشتی سوودمەندتر دەبێت؟ ئەگەر بکرێت خاڵ بە خاڵ باسی بکەیت.**

و: بۆ وڵامی ئەم پرسیارە، بەداخەوە دەبێ بڵێین کە کورد لە کوێ و لە کام بەشی کوردستان، مەبەستە؟. لەگەڵ ئەوەی سەرۆک لە ئەمریکا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەمریکا وڵاتێکی دامەزراوەییە و گۆڕینی سەرۆکەکان زۆر کارناکاتە سەر سیاسەتە بنچینەیەکان، لە کۆتاییدا ئەمریکا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بڕیار دەدا. ئەوەی تاکوو ئێستا ترەمپ باسی کردووە ئەوەیە کە؛ پشتیوانی لە کورد دەکات. بەڵام ئەوە گرینگە کە بزانین کورد لە کوێ؟. ترەمپ شێلگیرانە دژی ئێران و ڕێکەوتنی ناوکی لەگەڵ تارانە. هاوکات دەیهەوێ پشتیوانی دیارتر لە هەولێر بکات و لە هەمانکاتدا درێژە بە ناردنی یارمەتییەکان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بدات. ناوبراو زۆر بە ڕوونی وتویەتی کە هەوڵ دەدات پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە پێشبخات و هەوڵ دەدات کورد و دەوڵەتی تورکیە لەسەر مێزی دانووستاندن کۆبکاتەوە. لە بەرانبەردا، کلینتۆن، لەگەڵ ئەوەی لە کێبڕکێی ساڵی ٢٠٠٨دا، داوای دامەزراندنی بنەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان دەکرد و پێش ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ڕووسیەش لە سووریە، لایەنگری دامەزرانی ناوچەی دژە فڕین بوو. ناوبراو وتویەتی کە درێژە بە یارمەتی کردنی کوردانی ڕۆژئاوا دەدات. بەڵام بۆ ئێران کلینتۆن لایەنگری ڕێکەوتنی ناوکی لەگەڵ تارانە و ئەمەش بەو مانایە دێت کە کلینتۆن لانیکەم ناتوانێ گۆڕانکارییەکی قووڵ لە ئاست ئێراندا بێنێتە ئاراوە. بەڵام بێگومان کلینتۆن لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە سەرۆک ئۆباما توندوتۆڵتر دەجوڵێتەوە. با ئەوش لەبیر نەکەین کە سیاسەتی کۆمارییەکان لە ئێستادا، درێژەی سیاسەتەکانی سەرۆک بووشە، کە پتر پشتی بە دەستێوەردان بەستبوو، بەڵام بەڕاستی تاکوو ئێستا ترامپ لەم بازنەدا، بە ڕوونی ئاشکرای نەکردووە کە چ سیاسەتێک دەگرێتەبەر، تەنیا ئەوە نەبێ کە وتویەتی هەوڵ دەدات داعش تێکبشکێنێ و پێداگری دەکات کە وڵاتانی هاوپەیمان دەبێ ڕۆڵێکی دیارتر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان بگێڕن، ئەویش لەژێر ڕێبەرایەتیی ئەمریکادا.

**پ: لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا هەریەک لە پاڵێوراوان چ گۆڕانکارییەک لە ستراتیژیی ئامریکادا پێکدێنن؟**

و: لەگەڵ ئەوەی هیلاری تاکوو ئێستا پلانێکی ڕوونی بۆ سیاسەتی دەرەوە ڕانەگەیاندوە، بەڵام بە گوێرەی هەڵوێست و کردەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا، لەو باوڕەدام کە لەئاست تاراندا باشتر لە ئیدارەی ئۆباما دەجوڵێتەوە. هەرچەن بەربژێری کۆمارییەکانیش بە ڕوونی ڕایگەیاندوە کە، ڕێککەوتنی ناوکی دەدڕێنێ و ئەمەش لانیکەم بە مانای بەرتەسکردنەوەی ڕۆڵی تاران لە ناوچەدا دێت، و ڕەنگە زۆر گرێدراوی پرسە نێوخۆییەکان نەبێ.

**پ: مەسەلەی نەتەوەکان، پێشل کردنی مافی مرۆڤ، ئێعدامەکان، کوشتنی کۆڵبەران، پشتگیری لە تێرۆریزم و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان، پەرەدان بە توانا نیزامییەکانی وەک مووشەکی دوورهاوێژ و تەنانەت مەسەلەی ناوکی، سەرەڕای ڕێککەوتنی «بەرجام» و هتد، لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، چ گرنگییەکی لە پلان و بانگەشەکانی پاڵێوراواندا هەیە و لەم بوارەوە دەتوانین بە کام پاڵێوراو گەشبین بین؟**

و: هەر وەکوو باسم کرد، هەر کام لە هیلاری و ترەمپ بێنەسەرکار و جێگەی سەرۆک ئۆباما بگرنەوە، ئەوە لە سیاسەتی دەرەوەدا و لەبەرانبەر ئێراندا، لەم بەڕێوەبەرایەتییەی ئێستا باشتر دەجوڵێنەوە و هەوڵ دەدەن ڕۆڵ و پێگەی ئێران لە ناوچەدا لاواز بکەن.

**پ: کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەو ماوەیەدا قۆناغێکی نوێی لە خەبات بە ناوی ڕاسان ئەزموون دەکات، چ دەنگدانەوەیەکی لە میدیاکان و ناوەندە بڕیاردەرەکاندا هەبووە؟ گەر نەبووە، هۆکاری لە چیدا دەبینن؟ و چۆن دەتوانێت سەرنج و پشتگیریی وڵاتە زلهێزەکان و یەک لەوان ئامریکا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟**

و: ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیداکاریی پێشمەرگەکان لە قوڵایی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە نێو میدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئەمریکادا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی داوە لەبەر ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ تاران، بێدەنگی لەم ڕاسان و چالاکییانەی کورد بکا.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایش لەپشت چالاکی و سەرهەڵدانەوەی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن، زۆر گرینگە ئەو جموجۆڵ و چالاکییانە بەردەوام و بەرینتر بکرێتەوە. هاوکات پێویستە سیاسەتی نێوخۆیی بەهێز بکرێ، و جۆرێک لە یەکگرتوویی لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا پێک بێ. پاشان زۆر گرینگە خەباتی جەماوەری لە نێو شارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پەرە پێبدرێ، و نارەزایەتیی جەماوەری بەردەوام و بەرین بکرێتەوە. هاوکات ئەگەرێکی دیکە بۆ بە ڕۆژەڤ بوونی کەیسی کورد یان نەتەوە ستەم لێکراوەکانی دیکە لە ئێران ئەوەیە کە؛ تاران لەگەڵ وڵاتێک بکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، ئەوکات پرسی نەتەوەکان بە شێوەیەکی بەرینتر دێتە ڕۆژەڤەوە، بەڵام ئەوکاتیش گرینگە کە نەتەوەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی بۆ وەڵامدانەوە بەو قۆناغە، ئەگەر بێتوو بێتە ئاراوە، چەندە تەیار و ئامادەن و چۆن دەتوانن بە پلان و کاری هاوبەش و یەکگرتوویی شوێندانەر، وەها دەرفەتێک بقۆزنەوە.

> **لەگەڵ ئەوەی سەرۆک لە ئەمریکا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەمریکا وڵاتێکی دامەزراوەییە و گۆڕینی سەرۆکەکان زۆر کارناکاتە سەر سیاسەتە بنچینەیەکان، لە کۆتاییدا ئەمریکا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بڕیار دەدا**



# کیارۆستەمی نەک پەسنبێژی ژیان، بەڵکوو پەسنبێژی دۆخی زاڵ بوو

لەیلا قوبادی
و: چەکۆ ئەحمەدی

هەرچەن تێم و پێکهاتەی سینەمایی فیلمەکانی عەبباس کیارۆستەمی وەك دیمەنەکان و سێکانسە درێژەکان، کارکردن لە کەشی ساکاری گوندی، کەڵکوەرگرتن لە کەسانی نائەکتەر بەجێی ئەکتەری پرۆفیشناڵ، مێلۆدرام نەبوونی فیلمەکان و خۆپاراستن لە بزواندنی هەستی بینەران، هێندێ وێکچوویی لەگەڵ سینەمای «سۆهراب شەهیدی سالس»دا هەیە، بەڵام ڕوانگەی «شەهیدسالس» لەگەڵ ڕوانگەی کیارۆستەمی، دوو ڕوانگەی بەتەواوی لێك جیاوازن بەرانبەر مرۆڤ و ژیان. فیلمەکانی شەهید سالس، هاوکات لەگەڵ ساکار بوونیان، بیرمەندانەیە، شەهیدسالس لە فیلمی سروشتی بێ گیان، لە ژیانی ساکار و یەکجۆری سووژنوانی قەتاردا، پەنگ خواردنەوەی سات پیشان دەدا، و تەنانەت خێرایی کاتیش لەچاو بارودۆخی ژیانی مرۆڤەکان جیاوازە... شەهیدسالس لەهەمبەر ژیانی مرۆڤە ساکارە گوندییەکان، ڕوانگەیەکی لاگیرانەی هەیە و کەڵکەڵەکانی بۆ ئەم مرۆڤانە، لە پشت کامێراوە هەست پێدەکرێ، لەکاتێکدا کیارۆستەمی بەتەواوی خاڵی بەرانبەری ڕوانگەی شەهیدسالسە، و ڕوانگەیەکی تووریستییانەی بەرانبەر ئەم مرۆڤانە و ژیانیانی هەیە. هەرچەند ئەمجۆرە ڕوانگە پۆست مۆدێرنیستییە بە ڕواڵەت سیاسی نیە، بەڵام لەڕاستیدا، سیاسیترین ڕوانگەیە لە هونەر و سینەمادا.

کۆماری ئیسلامی نەوەك لەگەڵ ئەمجۆرە ڕوانگەیە لە سینەمادا کێشەی نیە، بەڵکوو زۆرترین قازانجی لە سینەمای کیارۆستەمی وەرگرت. پاش کوشتوبڕی دەیەی شەست و سەرکوتی خوێناویی ئەو خەڵکانەی شۆڕشیان کردبوو، و پاش ٨ ساڵ شەڕخوازی، ئەمجۆرە سینەمایە باشترین کەرەستەی پڕوپاگاندای دەستی ڕێژیم و پارێزەرانی نێونەتەوەیی ئەو ڕێژیمە بۆ خەملاندنی ڕوخساری دێوەزمەی زاڵ بەسەر ئێراندا بوو. سینەمایەك کە کۆمەڵگای سەرکوتکراوی ئێران و دامەزراوەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی لە بازنەیەکی پڕ لە مێهرەبانی و پێکەوەهەڵکردنی مرۆیی و سۆزداری و ساکاردا نیشان دەدا. بە هۆی ئەم فیلمانەوە، ڕێگای بۆ بەرهەمی کولتووری و سینەمایی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەندەران و تەنانەت لە نێو تاراوگەنشیناندا کردەوە. ئەوان توندوتیژی و سەرکوتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگایاندا خەملاند، سەرکوت و کۆنترۆڵی نیوەی کۆمەڵگای وڵاتیان بە حیجابی زۆرەملێ و تەنانەت بەردباران (سەنگسار)یان بە وێنەی دیاردەیەکی خاوەن بنەمای کولتووریی ئێران و جیا لە سیستمی زاڵ پیشان دا، ڕەوایییان بە پێوەندیی ئابووری و سیاسی لەگەڵ ڕێژیمێکی ئاوا دا، و بە خەڵات و هاتوهاواری پڕوپاگاندای سینەمای کیارۆستەمی، شەپۆلێك لە فیلم چێ کردن بە لاساییکردنەوەی کیارۆستەمی لە ئێراندا وەڕێکەوت، کە ناوبانگی فیلمی گوڵخانەیی و فێستیڤاڵییان دەرکرد. ئەمە تا ئاستێك بوو کە تەنانەت کەسانێکی وەك ناسر تەقوایی و کەسانی دیکەش زۆرجار نارەزایەتییان دەربڕی، کە سانسۆری وەزارەتی ئیرشاد کەم بووە و هەنووکە ڕا و بۆچوونی داخوازییەکانی فێستیڤاڵەکانی ڕۆژئاوایش بەسەر سینەمای ئێراندا سەپاوە، و سینەماکارەکانی ئێمە بەپێی ویست و حەزی فێستیڤاڵەکان فیلم چێ دەکەن. سۆهراب شەهیدسالس، لە یەکێك لە دوایین وتوێژەکانیدا، بە هێما دان بە کەڵکاژۆ گرتنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە هونەری سینەما، لەسەر کیارۆستەمی بە توندی و بەمشێوە تاڵە ڕوانگەی خۆی دەردەبڕێ: «کیارۆستەمی لەشفرۆشێکە کە تەنیا کۆماری ئیسلامی لەگەڵی جووت دەبێ».

ژیان و مردنی کیارۆستەمی لە پەسنبێژیی دۆخی زاڵ

کۆمەڵگا هونەرییەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بی بی سی و دەنگی ئامریکا و ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیم، کیارۆستەمییان بەوێنەی «پەسنبێژی ژیان» پێناسە دەکەن. لەکاتێکدا خەملاندنی نایەکسانی و پشێویی نێو کۆمەڵگا و جێی پەسەند بوون و جوان نیشاندانی و ملکەچانە خۆ لکاندن بەم دۆخە پڕ لە نەهامەتییە، لەگەڵ «پەسنبێژیی ژیان» جیاوازیی زۆری هەیە. ئەوەی کە بایەخی ژیان دەناسێ، لەگەڵ پشێوی و نایەکسانیی زاڵدا دەکەوێتە شەڕەوە و بۆ مانەوە و گەیشتن بە نان و ناوبانگ مل نادات بە داماوی و لارەملیی هاوکاری کردن لەگەڵ دەسەڵاتداران. کیارۆستەمی ئەگەر نرخی ژیانی دەناسی، نامەی بۆ دز و جەردەکانی ڕێژیم، وەکوو ئەحمەدی نژاد نەدەنووسی و ئەوی بە کەسێکی ڕاستبێژ و بێ غەل و غەش ناو نەدەبرد و جینایەتکارێکی وەك ڕەفسەنجانیی بە لێزان و شایانی سەرکۆماری پێناسە نەدەکرد.

ساڵی ١٩٩٦، واتا ساڵێك پێش لەوەی کیارۆستەمی خەڵاتی زێڕینی کەن وەرگرێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکونووس بە بۆنەی تیرۆری دژبەرانی ڕێژیمەوە، لە ئاڵمان مەحکووم کرابوون. کیارۆستەمی پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ؛ «ئەم خەڵاتە توانیی دۆخی نەرێنی کە دژی ئێرانە بگۆڕێ». هەر ئەودەم ڕاوێژکاری کولتووریی کۆماری ئیسلامی لە پاریس، لە نامەیەکدا بۆ کیارۆستەمی پیرۆزبایی لێدەکات، و وتەکانی کیارۆستەمی بە شێوازێکی دیکە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: «بەڕێز کیارۆستەمی سڵاو. ئەو پیرۆزبایییانەی لەلایەن هاوڵاتییانەوە پێشکەشت کراوە، نیشانەی کاریگەری دانانی زۆر ئەرێنیی هاتنەبەرباسی ناوی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی ئاوا بەربڵاودایە». لەو ساڵەدا ناوەندی سینەمایی فارابی بە هۆی ئەو دژایەتییەی کە لەسەر ڕێژەی نمایش کردنی فیلمە ئێرانییەکان لە کەندا لەگەڵ فێستیڤاڵ بۆی پێشهاتبوو، فیلمی تامی گێلاسی تا دوایین ڕۆژەکان بۆ کەن بەڕێ ناکات، و لە ئاکامدا عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم، ڕاستەوخۆ بڕیار دەدا کە بە خێرایی فیلمەکە بۆ کەن بەڕێ بکەن، و فیلمەکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە دەگەیەندرێتە کەن.

ئەحمەد تالبی نژاد، نووسەری بواری سینەما لە بڵاوکراوەکانی ئێراندا دەنووسێ: «عەبباس کیارۆستەمی و سینەماکارانی دیکەی ئێران، لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەشدارییەکی کارامە و بەردەوامیان لە بواری کولتووری و نێونەتەوەییدا هەبووە. زۆرێك لە خاوەن هزرە غەرەزاوییەکانی ڕۆژئاوا کە ناوەڕۆکی ئەم سیستە بە دژە کولتوور دەناسن، بە دیتنی بەرهەمی ئەمجۆرە کەسانە بیروڕایان گۆڕاوە. تەنانەت بەشێك لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیش، لە ئاکامدا ناچار بوون ئەم ڕاستییە قبووڵ بکەن».

بەسیر نەسیبی، دانەری سینەمای ئازاد و توێژەری سینەما لە تاراوگە، لە پەرتووکی «بە ئیزنی فلینی»دا بەڵگە و دیکۆمێنتی زۆری لەم بوارەدا خستوەتە ڕوو، و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی لە سینەمای ئێراندا تاوتوێ کردووە. هەر ئەم پەرتووکە بە ڕادەی پێویست دەربڕی ڕاستییەکانی چۆنیەتیی بەکارهێنانی سینەما لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە مەبەستی ئامانجی سیاسی و کولتووری بەقازانجی خۆیەتی.

بۆچی پاش مردنی کیارۆستەمی بە وێنەی زوڵم لێکراوێك باسی لێ دەکەن

پاش مردنی، کیارۆستەمی بە جۆرێك زوڵم لێکراو پیشان دەدرێ، کە دەڵێی تا پێش لە مردنی کەسێك ئەوی نەناسیوە، و نەزانراوە چەند فیلمی چێ کردووە و چ خەڵاتگەلێکی وەرگرتووە، وا دەنوێنن کە گوایا فیلمەکانی پێشتر ڕاگیراون! لەکاتێکدا لە هەموو ئەم ساڵە ڕەشانەی سەرکوت و برسیەتیدا، بۆ هیچکام لە دەرهێنەرەکان لە ئێراندا تا ئەم ڕادەیە هاتوهاواری پڕوپاگاندایی و هەواڵدەری وەڕێ نەخرابوو. دەگمەنن ئەم دەرهێنەرانەی کە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم ڕاستەوخۆ داوا بکات فیلمەکەی فریای کەن بخەن. ئەو هەموو پەرتووك و نامیلکە تایبەتییانەی لەسەر چاپ کرابێ و بەمجۆرە لە کەرەستەی حکوومیی ئابووری و ڕێکلام کەڵکی وەرگرتبێ. لە کاتی نەخۆشیشدا، لە کۆمەڵگایەکدا کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵك لە بچووکترین خزمەتگوزاریی دەرمانی بێبەشن، وەزیری تەندروستیی ڕێژیم بڕیاری پێکهێنانی لێژنەی پزیشکی، بە مەبەستی چارەسەری کیارۆستەمی دەدات و کۆمپانیی «ئێم کا دۆ» بە فڕۆکەی تایبەتیی بۆ چارەسەر دەیباتە فەڕانسە. بەمشێوە نواندنی زوڵم لێکراوی و بەڕێخستنی پرۆژەی شەهیدسازی لە کیارۆستەمی، لەلایەن دەرهێنەران و ئەکتەرانی تێکەڵ بە ڕێژیم، جگە لە شاردنەوەی شەرمەزاریی هاوکاریی و تێوەگلاویی خۆیان شتێکی دیکە نیە. هەنووکە دژی چەند کەس لە پزیشکەکانی کیارۆستەمی هەڵوێست دەگرن، کە گوایا بە شێوەی دروست کارەکانیان ڕانەپەڕاندووە، بەڵام ئاگاداری ئەوە هەن کە ئەو دژایەتییە پێکهاتەی نیزام پزیشکیی کۆماری ئیسلامی کە نەخۆشخانەکانی کردووەتە قەسابخانە و پزیشکەکانیان کردووەتە دزی سەرلێشێواو، نەگرێتەوە.

کاتێك ماوەیەك لەوەپێش دوکتورێکی نەخۆشخانە، نامرۆیی تا ئاستێك گەیاند، کە بەوێنەی ئەشکەنجەدەرانی ڕێژیم، بڕیاری دەرهێنانەوەی تەقەڵی سەر ڕوخساری منداڵێك بە هۆی نەبوونی پارەی نەخۆشخانەوە دەدات، و ئەو منداڵەیان بە ڕوخساری خوێناوی و هەڵدڕاوەوە لە نەخۆشخانە کردە دەرەوە، ئەم هونەرمەندە مرۆڤدۆستانە، تەنانەت نارەزایەتییەکی زۆر بچووکیشیان دەرنەبڕی. ئەم دووڕوویی و شەڕئەنگێزییە، نیشانەی بارودۆخی هونەری فەرمیی ئێرانە، کە بە سەرشۆڕی و زەبوونییەوە ناو و نانی خۆیان لەم ڕێژیمە، و کۆمەڵگای هونەریی ئاغاکانیان سواڵ دەکەن، و ناوی «پەسنبێژیی ژیان»ی لەسەر دادەنێن.

پێش لەوەی مردن بەرۆکی کیارۆستەمی بگرێ،ئەو مردبوو

ئەوکاتەی بە لاسایی کردنەوەی کیارۆستەمی، شەپۆلێکی فیلم چێ کردن لە سینەمای ئێراندا دەستی پێکردبوو و فوودانەی سپی و ڕەنگاڵە بەرەو ئاسمان بەڕێ دەکرا، و کۆمەڵگای سەرکوتکراو و کوژراو و ناوەندە کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانەکانی ڕێژیمیان لە چوارچێوەیەکی سۆزدارانە و پێوەندیی مرۆیی ساکاری منداڵانەدا وێنا دەکرد، ئەگەرچی منداڵێك دەفتەری وانەکەی ون کردبوو، یا پارەیەکی لەدەست بەربووەوە، هەموویان دەبوونە بەسیج و بۆ یارمەتیدانی هێرشیان دەبرد و... تەواو ببوو. هەنووکە بە هۆی کەسانێکی وەك «ئەسغەر فەرهادی»یەوە، لە سینەمای ئێراندا سیمبول سازی و ڕەوتسازی دەکەن، و بەمجۆرە فیلمانە ژیانی ئاغاواتی و کولتووری بەرخۆری، بە ئاراستەی هێڵی بەجیهانی بوونی سەپێندراو بەسەر ڕێژیمدا، پەرە پێ دەدەن. بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەمەیە کە هونەرفرۆشانی گرێدراوی سیستمی دەسەڵاتدار، ماوەی بەکارهێنەرییان هەیە و پاش بەسەرچوونی ماوەکەیان، ون دەبن و دەسڕێنەوە و دەمرن، هەر بەوجۆرەی کیارۆستەمی پێش لەوەی گیانی لەدەست بدات، مردبوو. لەبەرانبەردا، هونەرمەندانێکی ڕووناکبیری وەك شاملوو، ساعێدی و نیما و... کە هیچکات لە مەتەرێزی خەباتکارن و ئازادیخوازان پاشگەز نەبوونەوە، بەهێز مانەوە نەك لەگەڵ هێز، بۆ هەتایە زیندوون و کاریگەریی بەرهەمەکانیان و ژیانیان وەك خۆی دەمێنێتەوە. شاملوو چەندە بە دروستی لە زمانی هەموو هونەرمەندانی ڕاستەقینەوە دەئاخڤێ و دەڵێ: من هونەری نادەروەست لەلام بایی دوو قرووش نیە. هونەرمەند هەمووکات لەسەرووی هێزەوەیە، نەك لەگەڵ هێز، ئێستا ئەگەر کەسێك دەیهەوێ لەگەڵ هێزدا بێ، لێیگەڕێن با بڕوا و بە هونەری بێسەرەوبەرە و پەتی ڕزیوی فڵانە سەرکۆمار خۆی بخنکێنێت. قەت نە زیندوو مانی بۆم گرینگە نە مردنی. گوتیان شەهریار مردووە، گوتم هەر لەخۆڕا لەدایك ببوو. کاتێك کابرایەك قەسیدە نووسینی زۆر باشە و زەوق و جوانی لەکارەکانیدا دەبینرێ، بەڵام بەرپرسیارەتی ناناسێ، مەترسیدارە. لەکاتێکدا هونەر دەتوانێ شتێکی بەکەڵك بە شێوەیەکی جوانتر پێشکەش بکات، و هێزی کاریگەریی زیاتری پێ ببەخشێ، دەبێ لە پاسیڤ بوون شەرم بیگرێ. گرینگی و سەربەرزیی هونەرمەند ئەوەیە کە لەم جیهانە نەخۆشەدا، بەدوای چارەسەرەوە بێ، نەك سوکنایی

# (ڕێگایەک کە کۆتاییەکەی لووتکەیە)



جیهان لەنێو گەردەلوولی جەنگ و
گێژەڵووکەی
برین و حەشر و تاعوون خولی دەخواردەوە..
هەڵمی گەرم و
دۆزەخی ڕەش
لە تەرمی جەنگاوەرانی دنیا هەڵدەستا..
تافگەی ترس و هاژەی خوێن
لە جەستەی زوێڵ زوێڵبووی کڵێسە
ڕوو لە کشکەڵان هەڵدەکشا..
کێوی سپی و
کۆشکی سپی بێ دەرگا
بە کەللەی سەر و
ئێسکی مرۆڤە ڕەنگاوڕەنگەکان بنیات دەنرا..
تاوەرەکان دەبوونە خۆڵ و
قەڵا دەڕووخا و
خوێنی ئەستێرە دەڕژا و
حیلەی شار دەکوژرا و
وڵاتان ئاوزینگیان دەدا و
لە دارەبازەی ترووسکانەوەی مەرگ ڕادەکشان
لەو چاخەدا بوو
تۆ لەناخی گەردەلوولەوە هاتی،
نەوای یەکەمین هاوار و
نەوای حەرفەکانی یەکەمین بەیان و
یەکەمین باوەشە تیشکی پڕ لە ژیانت
بەرەو دار و بەرد و
زەمین و ئاسمانی نیشتمانت هەڵدا
١٩٤٥ بوو،
گەلاوێژ بوو،
جیهان لە ڕەنگی خوێنی خۆیی و
لە سێبەری تابووتی خۆیی و
لەنێو بازنەی مەرگی خۆیدا ڕاکشابوو
کە تۆ لە تەمتوومانی
ڕەشە شاخی خەزان ڕاچڵەکیت و
ڕۆژبوونی پیرۆزی ڕەنگاڵەییت ڕاگەیەنرا.
گەلاوێژ بوو،
تۆ دەشت بە دەشت و شاخ بە شاخ

ڕەشەبای دزێو و
دێوەزمەی هەرەست، هەرەس پێهێنا
تۆ نوا نوا و ئەشکەوت ئەشکەوت
لە توولەڕێی هەڵەمووتی
لاوک و ستران و حەیرانەوە هاتی
شووڕەی ستەم و
تابلۆ گەورەکەی چەمانەوت، چەماندەوە و هاتی
کە هاتی لەگەڵ خۆتا ئاڵا و ئایندەت هێنا
تیشک و ئاسۆ و کۆمارت هێنا
کە هاتی لەگەڵ خۆتا شاڕێگەی ڕێگاکانت هێنا
ئیدی لەو ڕۆژەوە، من ڕێگایەکم رووەو لووتکە
لەو ڕۆژەوە من شاڕەوت و ڕێبازێکم
ناوم دیموکراتەوە
لە گەلاوێژەوە هاتووم
بۆ ئەوەی بمناسن
دەبێ زەریاتان ناسیبێ
دەبێ ڕێبواری نێو شەوەزەنگی زریان و
شریخەی برووسکی
ناو دڵی دۆڵەکانتان ناسیبێ
دەبێ مێژووی شەپۆل و
نەخشەی قوربانیی و
هەڵۆ و تەوار و باوبۆڕانتان ناسیبێ
بۆ ئەوەی بماناسن
دەبێ مێژووی پەت و سێدارەتان ناسیبێ
دەبێ جوگرافیای نەترسانتان ناسیبێ
دەبێ شاڕێگایەکی درەوشاوەتان ناسیبێ
کە کۆتاییەکەی ترۆپکە
بۆ ئەوەی بمناسن دەبێ
ڕووباری سوور و
قووڵایی دەریاکان و
تافگەی گیا و کاروانی ئەستێرانتان ناسیبێ
بۆ ئەوەی بمناسن دەبێ من بناسن
من ناوم دیموکراتە و لە گەلاوێژەوە هاتووم
ڕێگایەکم گرتۆتە بەر
کۆتاییەکەی لووتکەیە.

بەهار حسێنی

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 683 ▪21 aug 2016

ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لەتۆڕی جیهانی ئینتێرنێت

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


# پیرۆزبێ ٢٥ی گەلاوێژ
# ٧١ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی تەشکیلات